تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

XEBAT

خەبات

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5844) سێ شەممە 8ی تشرینی یەکەم 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

راگەیێندراوی هاوبەشی کۆبوونەوەی سەرۆک بارزانی و سەرۆکی ئیئتیلافی نیشتیمانیی عێراق:

# پالْپشتیی تەواوی حکوومەتی ئێستای عێراق بە سەرۆکایەتیی بەڕێز دکتۆر عادل عەبدولمەهدی دەکەین

## جگە لە ڕێگەی دەستووری نابێ هیچ ڕێگەیەکی تر بۆ گۆڕانکاری لە پرۆسەی سیاسی هەبێت



دوێنێ دووشەممە 7ی10ی2019 لە سەلاحەددین سەرۆک مەسعود بارزانی و بەڕێز دکتۆر ئەیاد عەللاوی سەرۆکی ئیئتیلافی نیشتیمانیی عێراق کۆبوونەوە.

لە کۆبوونەوەکەدا بە دوورودرێژی بارودۆخی سیاسیی عێراق و پێشهاتە هەنووکەییەکان و ڕووداو و گرژییەکانی ئەم دواییەی بەغدا و چەند پارێزگای تری عێراق تاوتوێ کرا و لەسەر ئەم خالانە ڕێک کەوتن:

یەکەم: جگە لە ڕێگەی دەستووری و بە پێی پرۆسە و میکانیزمە دیموکراتییەکان نابێ هیچ ڕێگەیەکی تر بۆ گۆڕانکاری لە پرۆسەی سیاسی هەبێت و، هەر جۆرە گۆڕانێک لە دەرەوەی ئەو چوارچێوانە قەبوولکراو نییە.

دووەم: پالْپشتیی تەواوی حکوومەتی ئێستای عێراق بە سەرۆکایەتیی بەڕێز دکتۆر عادل عەبدولمەهدی دەکەین و داوایش دەکەین هەوڵی تەواو بدات بۆ بەدیهێنانی سەقامگیری و کۆنترۆڵی بارودۆخ و سزادانی گەندەڵکاران و هەروەها ئەوانەی بوونەتە هۆی خوێنڕشتنی خەڵکی بێ تاوان.

سێیەم: داوا دەکەین پارێزگاری لە سەلامەتی و کەرامەتی گەلی عێراق و هاوواڵتیان بکرێت لە هەموو پێکهاتە و چینوتوێژەکان و، لە هەموو بوارە پێویستەکاندا هەماهەنگیی تەواو لەنێوانداندا دەبێت.

چوارەم: سەرەخۆشی لە کەسوکاری قوربانیانی ئەو ڕووداوانە و زوڵملێکراوان دەکەین و هیوای چاکبوونەوەیش بۆ بریندارانی دەخوازین و داوایش لە حکوومەتی عێراقی دەکەین بایەخی تەواو بە قوربانی و بریندارانی و قەرەبووکردنەوەیان بدات.

# تەمپ: ئەگەر تورکیا هەر هەنگاوێک لەناو خاکی سووریا بنێت ئابووری تورکیا لەناو دەبەم و وێرانی دەکەم

K24/ دۆنالْد تەمپ، سەرۆکی ئەمەریکا بەڵێن دەدات، ئەگەر تورکیا هەر هەنگاوێک لە "دەرەوەی سنوور" لەناو خاکی سووریا بنێت "ئابووری تورکیا لەناو دەبەم و وێرانی دەکەم".

تەمپ لە دوو تویتی جیاوازدا لە هەژماری تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر دووپاتیکردەوە، "هەروەک پێشتریش جەختم کردووەتەوە، جارێکی دیکە بۆ بەبیرهێنانەوە دەیڵێمەوە، لە ئەگەری هەر هەنگاوێکی تورکیا بۆ بەزاندنی ئەو سنوورەی بۆی دیاریکراوە، بە لێهاتوویە بێتوێنەییەکەم ئابووری تورکیا دەڕووخێنم، وەک چۆن پێشتریش کردوومە".

تەمپ گوتیشی: پێویستە تورکیا لەگەڵ ئەوروپا ئاگاداری داعشە بەندکراوەکان بن، وەک پێشتر ئەمەریکاش ئەم کارەی بە زیادەوە کردووە و وێرای دەستگیرکردنی چەکدارانی داعش، ئاگاداری چەکدارە بەندکراوەکانی داعش بە خێزانەکانیشیانەوە بووە.

سەرۆک بارزانی و سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ وەزیری دەرەوەی ڕووسیا کۆبوونەوە

# سەرۆک بارزانی: ڕووسیا ڕۆڵی خۆی لە ئەگەری هەر ڕووداو و گۆڕانکارییەک ببینێت و ڕێگە لە قوولْتربوونی ئێش و ئازارەکانی گەلی کورد لە سووریا بگیرێت







ئێوارەی دوێنێ لە شاری هەولێر سەرۆک مەسعود بارزانی پێشوازی لە سێرگێی لاقرۆڤ وەزیری دەرەوەی ڕووسیا و شاندێکی یاوەری کرد کە پێکهاتبوو لە میخاییل باگدانۆڤ جێگری وەزیری دەرەوە و نوێنەری تایبەتی سەرۆک پوتین بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ماکسیم ماکسیمۆڤ باڵیۆزی ڕووسیا لە عێراق و ئەلکسەندەر کینشچاک بەرپرسی بەشی ڕۆژهەڵات و باکووری ئەفریقای وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیا و زەلیمخان موتسۆڤ ئەندامی دوومای ڕووسیا و ئۆلیگ لیێقین کونسوڵی گشتیی ڕووسیا لە هەولێر و ژمارەیەک کاربەدەستی سیاسی و نوێنەری کۆمپانیاکانی ڕووسیا.

لەلایەکی دیکەوە، ئێوارەی هەمان ڕۆژ، لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بەڕێز لاقرۆڤ بەردەوامیی پشتگیریی ڕووسیای بۆ هەرێمی کوردستان دووپات کردەوە و خۆشحاڵیی خۆی بۆ بەردەوێشچوونی پەیوەندییەکانی هەولێر ـ بەغدا و دیالۆگی چارەسەرکردنی کێشەکان لەسەر بنەمای دەستووری عێراق دەربڕی.

دواتر لە کۆبوونەوەی شاندی ڕووسیا لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان، جەخت لە سەر پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و ڕووسیا کرایەوە و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کورستان ئاماژەی بەوەدا کە پێشوازی لە بەهێزبوونی پەیوەندییە ئابووریییەکانمان لەگەڵ ڕووسیادا دەکەین.

(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)

# ڕێبوار بابکەیی: نیەتی پەرلەمان و حکوومەت ئەوەیە پرۆژەیاسای چاکسازی پەسەند بکرێت

پەرلەمانتارێکی پارتی ئاماژە بەوە دەدات کە هیچ ناکۆکییەک لەنێوان فراکسیۆنەکانی پەرلەماندا نییە لەبارەی پرۆژەیاسای چاکسازییەوە و دەشڵێت، هەر فراکسیۆنێک تەگەرە بخاتە بەردەم پرۆژەکە، پارتی زۆرینەی خۆی بەکار دێنێت لە بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستاندا. (زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)


## ئاسایش دانپێدانانی بکوژی خێزانە پێنج کەسییەکەی پیرەڕەش بڵاوەکاتەوە

هەفتەی ڕابردوو لە گوندی پیرەڕەش لە هەولێر، تەرمی دایک و باوکێک و سێ منداڵەکەیان دۆزرانەوە، دوای دەستگیرکردنی تۆمەتبارەکە، دوێنێ دووشەمە ئاسایشی هەولێر دانپێدانانەکەی بڵاوکردەوە.

(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)

## بڕیارەکەی تەمپ لەبارەی ڕۆژئاوای کوردستان کاردانەوەی وڵاتانی لێکەوتەوە

پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەی ڕۆژی یەکشەممەی نێوان سەرۆکی ئەمەریکا و سەرۆککۆماری تورکیا و دواتریش ڕاگەیێندراوەکەی کۆشکی سپی لەبارەی ئەگەری ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سوپای تورکیا بۆسەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی هەسەدە و نەمانی سوپای ئەمەریکا لەو ناوچەیە، کاردانەوەی جیاوازی بەدوای خۆیدا هێنا. (زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)



# سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران: پرۆسەی چاکسازی دەبێ دادپەروەری تێدا بێت و لە خزمەتی بەرژەوەندی گشتیدا بێت

دوێنێ دووشەممە بە سەرپەرشتی مەسرور بارزانی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان و ئاماەبوونی قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، لیژنەی هەماهەنگی نێوان پەرلەمان و حکوومەتی هەرێمی کوردستان تایبەت بە پرۆژە یاسای چاکسازیی لە مووچە و دەرماڵە و خانەنشینی و ئیمتیازاتەکانی دیکە کۆبوونەوە. (زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)



### سەرۆک بارزانی پێشوازی لە باڵیۆزی فەرەنسا لە عێراق کرد

## هەردوولا نیگەرانیی خۆیان لەبارەی چارەنووسی کورد لە سووریا نیشان دا

دوێنێ دووشەممە 7ی10ی2019 لە سەلاحەددین سەرۆک مەسعود بارزانیْ پێشوازی لە برۆنۆ ئۆبێر باڵیۆزی فەرەنسا لە عێراق کرد. لە دیدارەکەدا کە ئۆلیڤیێ دیکۆتینی کۆنسوڵی گشتیی فەرەنسا لە هەولێریش ئامادەی بوو، بارودۆخی سیاسی و دوا پێشهاتەکان لەسەر ئاستی ناوچەکە تاوتوێ کران و هەردوەها بیروڕاش لەبارەی پرۆسەی سیاسیی عێراق و خۆپێشاندان و گرژییەکانی ئەم دواییەی بەغدا و پارێزگاکانی تری عێراق ئالۆگۆڕ کرا.

هەر لەو کۆبوونەوەیەدا بارودۆخی سووریا و گۆڕانی هاوکێشە سیاسی و مەیدانییەکان لە رۆژهەڵاتی باکووری سووریا خرایە بەر باس و لەم بارەیەوە هەردوولا نیگەرانیی خۆیان لە ئەگەری قوڵتربوونی نەهامەتی و ئازارەکانی گەلی کورد و هەروەها ئایینده و چارەنووسی گەلی کورد لە سووریا نیشان دا.



### سەرۆکی هەرێمی کوردستان و باڵیۆزی فەرەنسا دۆخی عێراق تاوتوێ دەکەن

## نێچیرڤان بارزانی: مەترسیی سەرهەڵدانەوەی داعش لە عێراق هەڕەشەیەکی ڕاستەقینەیە

### جەخت لە بەرەوپێشبردنی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و فەرەنسا کرایەوە

سەرۆک نێچیرڤان بارزانی جەختی لە هەستیاریی دۆخی عێراق و پێویستیی وڵات بە سەقامگیریی سیاسی و ئەمنی کردەوە، هەروەها مەترسیی سەرهەڵدانەوەی داعشی لە عێراق بە هەڕەشەیەکی ڕاستەقینە و جددی لەقەڵەم دا.

لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ بەڕێز برۆنۆ ئۆبێر باڵیۆزی فەرەنسا لە عێراق، بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان سوپاس و پێزانینی هەرێمی کوردستانی بۆ ڕۆڵی فەرەنسا و سەرۆک ماکرۆن لە پشتگیریکردن و هاوکاریکردنی هەرێمی کوردستان دووپاتکردەوە.

لە کۆبوونەوەکەدا ئێوارەی ڕۆژی یەکشەممە 2019/10/6 لە هەولێر کە کونسولی گشتیی فەرەنسا لە هەولێر ئامادەی بوو، هەردوولا جەختیان لە بەرەوپێشبردنی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و فەرەنسا، دۆخی ئێستای عێراق، پێشهاتە ئەمنییەکانی بەغدا و پارێزگاکانی دیکە، کێشەکانی هەولێر ـ بەغدا و دیالۆگی چارەسەرکردنیان، دۆخی ئاوارە و پەنابەران لە هەرێمی کوردستان، پێویستیی هەماهەنگیی نێوان سوپای عێراق و پێشمەرگە لە ناوچە کێشە لەسەرەکان، دۆخی ناوچە زیانبەرکەوتووەکانی شەڕی تیرۆر و پێشهاتەکانی ناوچەکەیان بەگشتی تاوتوێ کرد.



### سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە باڵیۆزی فەرەنسا لە عێراق دەکات

## گرژبوونی دۆخی ناوچەکە بەتایبەتیش لە سووریا لە بەرژەوەندی خەڵکی ناوچەکەدا نییە

دوێنێ دووشەممە 2019/10/7 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە برونۆ ئۆبێر باڵیۆزی فەرەنسا لە عێراق کرد. لە دیدارەکەدا گفتوگۆ دەربارەی دواینێ گۆڕانکارییەکانی عێراق و سووریا کرا.

هەردوولا جەختیان لەوە کردەوە کە گرژبوونی دۆخی ناوچەکە بەتایبەتی لە سووریا لە بەرژەوەندی خەڵکی ناوچەکەدا نییە و دەبێتە هۆی ئاوارەبوونی ژمارەیەکی زۆری خەڵک و زیانگەیاندن بە هاوواڵتیانی سڤیل کە ئەمەش لە بەرژەوەندی هیچ لایەکدا نییە.



### بەسەرپەرشتی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، ئەنجوومەنی باڵای وەبەرهێنان کۆبوونەوە

## مەسرور بارزانی: پێویستە ئەنجامدانی پرۆژەکانی وەبەرهێنان بەپێی پلان و پێداویستی هەرێمی کوردستان بێت

دوێنێ دووشەممە 2019/10/7 بەسەرپەرشتی مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و ئامادەبوونی قوباد تالەبانی جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، ئەنجوومەنی باڵای وەبەرهێنان کۆبوونەوە.

لە کۆبوونەوەکەدا محەمەد شوکری سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان، ڕاپۆرتێکی بە ژمارە و زانیاری ورد پێشکەش کرد و کێشە و گرفت و پێداویستییەکانی پرۆژەی وەبەرهێنانی خستەڕوو.

مەسرور بارزانی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران جەختی لەوەکردەوە، کە پێویستە پرۆسەی وەبەرهێنان بەشێوەیەکی پلان بۆ دارێژراو ڕێکبخرێتەوە، گوتیشی حکوومەت بەرنامەی پێویست دادەڕێژێت بۆ ڕێکخستنەوەی پرۆژەکانی وەبەرهێنان بە جۆرێک کە ئەنجامدانی پرۆژەکانی وەبەرهێنان بەپێی پلان و پێداویستی هەرێمی کوردستان بێت.

دووپاتیشی کردەوە ئاسانکاری پێویست بۆ وەبەرهێنەرانی ناوخۆ و بیانی دەکرێت کە پرۆژەکانیان لە خزمەتی بەرژەوەندی گشتی بێت.



### لیژنەی هەماهەنگی نێوان پەرلەمان و حکوومەت تایبەت بە پرۆژە یاسای چاکسازی کۆبوونەوە

## سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران: پرۆسەی چاکسازی دەبێ دادپەروەری تێدا بێت و لە خزمەتی بەرژەوەندی گشتیدا بێت

دوێنێ دووشەممە 2019/10/7 بە سەرپەرشتی مەسرور بارزانی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان و ئامادەبوونی قوباد تالەبانی جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، لیژنەی هەماهەنگی نێوان پەرلەمان و حکوومەتی هەرێمی کوردستان تایبەت بە پرۆژە یاسای چاکسازیی لە مووچە و دەرمالە و خانەنشینی و ئیمتیازاتەکانی دیکە کۆبوونەوە.

لە کۆبوونەوەکەدا گفتوگۆی پێویست دەربارەی یاسای چاکسازی کرا و چەخت لەسەر گرنگی ئامادەکردنی یاساکە و ناردنی بۆ پەرلەمانی کوردستان کرایەوە.

مەسرور بارزانی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران ئاماژەی بە گرنگی ئەنجامدانی چاکسازی کرد کە تەوەرێکی گرنگی هێلنە گشتییەکانی کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە.

لەمبارەیەوە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران گوتی: خواست و ئیرادەمان بۆ ئەنجامدانی چاکسازی زۆر بەهێزە و بە هاوکاری پەرلەمانی کوردستان ئەنجامی دەدەین. ئامانجی چاکسازیش بەدیهێنانی دادپەروەری و بەدامەزراوەییکردنی دامودەزگاکانی هەرێمی کوردستانە و پرۆسەی چاکسازیش دەبێت لە خزمەتی بەرژەوەندی گشتی و زۆرینەی خەڵکی هەرێمی کوردستاندا بێت.

لە کۆبوونەوەکەدا جەخت لەوە کرایەوە کە گفتوگۆی زیاتر دەربارەی پرۆژە یاساکە بکرێت و کۆبوونەوەکان لەمبارەیەوە بەردەوام دەبن تا گەلاڵەکردنی ڕەشنووسی کۆتایی و ناردنی بۆ پەرلەمانی کوردستان. پرۆسەی چاکسازیش بە جۆرێک دەبێت کە دادپەروەری لە بەرچاو دەگیرێت و مووچەخۆری شایستە، ماف و شایستە داراییەکانی بەپێی یاسا و ڕێنماییەکان پارێزراو دەبێت.

## سەرۆک بارزانی لەگەڵ وەزیری دەرەوەی ڕووسیا کۆبۆوە

# سەرۆک بارزانی: ڕووسیا ڕۆڵی خۆی لە ئەگەری هەر ڕووداو و گۆڕانکارییەک ببینێت و ڕێگە لە قوولتربوونی ئێش و ئازارەکانی گەلی کورد لە سووریا بگیرێت

## وەزیری دەرەوەی روسیا: بۆ هاوکاریی هەمەلایەنەو بۆ چارەسەرکردنی پرسەکانی ناوچەکە پشت بە ئەزموونی سەرۆک بارزانی دەبەستین



ئێوارەی دوێنێ دووشەممە 7ی 10ی 2019لە شاری هەولێر سەرۆک مەسعود بارزانی پێشوازی لە سێرگێی لاڤڕۆڤ وەزیری دەرەوەی ڕووسیا و شاندێکی یاوەری کرد کە پێکهاتبوو لە میخاییل باگدانۆڤ جێگری وەزیری دەرەوە و نوێنەری تایبەتی سەرۆک پوتین بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ماکسیم ماکسیمۆڤ باڵێۆزی ڕووسیا لە عێراق و ئەلکسەندەر کینشچاک بەرپرسی بەشی ڕۆژهەڵات و باکووری ئەفریقای وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیا و زەلیمخان موتسۆڤ ئەندامی دووەمای ڕووسیا و ئۆلێگ لێقین کونسوڵی گشتیی ڕووسیا لە هەولێر و ژمارەیەک کاربەدەستی سیاسی و نوێنەری کۆمپانیاکانی ڕووسیا.

لە کۆبوونەوەکەدا وەزیری دەرەوەی ڕووسیا وێڕای ئاماژەپێدان بە پەیوەندییە میژوویی و ئێستا و داهاتووی هاوکاری بکەن بۆ پاراستنی مافەکانی کورد لەو وڵاتە، هەروەها سوپاسی سەرۆک پوتین و ڕووسیای کرد کە لە کاتە سەختەکاندا هاوکاری و پشتگیریی هەرێمی کوردستانیان کردووە و سوپاسی سەردانی بەڕێز ڕۆژی خانەوادەی بارزانی و بە تایبەت مەلا مستەفا بارزانیی نەمری لە قوولکردنەوەی ئەو پەیوەندییانە بەرز نرخاند.

هەروەها ئومێدی پێشڤەچوونی پەیوەندییەکانی نێوان وڵاتەکەی و هەرێمی کوردستانی خواست لە بوارە جۆراوجۆرەکانی ئابووری و کولتووری و سیاسی.

لە بەشێکی تری وتەکانیدا وەزیری دەرەوەی ڕووسیا وێڕای شیکردنەوەی ئامانجەکانی سەردانی خۆی بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان، خۆشحاڵیی خۆی بۆ باشتربوونی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا دەبێتە هۆی چارەسەری گرفتەکان و پێشکەوتن و بووژانەوەی ئابووری.

لەبەرانبەردا سەرۆک بارزانی بە گەرمی بەخێرهاتنی وەزیری دەرەوەی ڕووسیا و شاندی یاوەری کرد و پەیوەندییەکانی نێوان گەلی کوردستان و گەلی ڕووسیا بە پەیوەندیی میژوویی وەسف کرد کە بنەمایەکی بەهێز و پتەوی هەیە و داوایشی کرد ئەو پەیوەندییانە لە هەموو بوارێک پەرە بستێنێت. هەر لەو دانیشتنەدا سەرۆک بارزانی پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغدا بە ئیجابی لە قەڵەم دا کە هەنگاوی باش بە ئاراستەی چارەسەرکردنی کێشەکان بڕیوە و باشتربوونی ئەو پەیوەندییانە یارمەتیی سەقامگیریی ناوچەکە دەدات.

بارودۆخی سووریا و دوا پێشهاتە سیاسییەکانی سووریا تەوەرێکی تری ئەو کۆبوونەوەیە بوو و سەرۆک بارزانی نیگەرانییەکانی خۆی لەمەڕ ئایندەی گەلی کورد لە سووریا بە وەزیری دەرەوەی ڕووسیا ڕاگەیاند و داوایشی کرد ڕووسیا ڕۆڵی خۆی ببینێت لەوەی لە ئەگەری هەر ڕووداو و گۆڕانکارییەک ڕێگە لە قوولتربوونی ئێش و ئازارەکانی گەلی کورد لە سووریا بگیرێت.

جێگەی ئاماژەپێکردنە کە لەم کۆبوونەوەیەدا فازڵ میرانی سکرتێر و هۆشیار زێباری و مەحموود مەحمەد ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان و سەفین دزەیی بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی حکوومەتی هەرێم ئامادە بوون.





### نێچیرڤان بارزانی و لاڤرۆڤ دۆخی عێراق و ناوچەکە تاوتوێ دەکەن

## نێچیرڤان بارزانی داوای لە وەزیری دەرەوەی ڕووسیا کرد وڵاتەکەی لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە ئێستا و داهاتووی سووریادا هاوکاری بکەن بۆ پاراستنی مافەکانی کورد لەو وڵاتە

سەرۆک نێچیرڤان بارزانی وێڕای دەربڕینی نیگەرانی لە دۆخی کورد لە سووریا، داوای لە بەڕێز سێرگێ لاڤڕۆڤ وەزیری دەرەوەی ڕووسیا کرد وڵاتەکەی لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە ئێستا و داهاتووی سووریادا هاوکاری بکەن بۆ پاراستنی مافەکانی کورد لەو وڵاتە، هەروەها سوپاسی سەرۆک پوتین و ڕووسیای کرد کە لە کاتە سەختەکاندا هاوکاری و پشتگیریی هەرێمی کوردستانیان کردووە و سوپاسی سەردانی بەڕێز لاڤڕۆڤی کرد و سەردانەکەی بە نیشانەی پشتگیری لە هەرێمی کوردستان لەقەڵەم دا.

ئێوارەی دوێنێ دووشەممە 2019/10/7 لە هەولێر، لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بەڕێز لاڤڕۆڤ بەردەوامیی پشتگیریی ڕووسیای بۆ هەرێمی کوردستان دووپات کردەوە و خۆشحاڵیی خۆی بۆ بەردەوامبوونی پەیوەندییەکانی هەولێر - بەغدا و دیالۆگی چارەسەرکردنی کێشەکان لەسەر بنەمای دەستووری عێراق دەربڕی.

بەڕێزیان سوپاسی هەرێمی کوردستانی کرد بۆ ئەو دەرفەتەی کە بە کەرتی تایبەت و کۆمپانیا ڕووسییەکان دراوە تا وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان بکەن بەتایبەتیش لە کەرتی وزەدا، هەروەها بەردەوامیی هاوکاریی وڵاتەکەیشی بۆ هەرێمی کوردستان و عێراق لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر دووپات کردەوە.

لە کۆبوونەوەکەدا کە بەڕێزان جێگرانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و ژمارەیەک لە بەرپرسانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و شاندی یاوەری بەڕێز وەزیری دەرەوەی ڕووسیا ئامادەی بوون، هەردوولا پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی هەولێر - مۆسکۆ، مەترسیی سەرهەڵدانەوەی تیرۆر لە عێراق و ناوچەکە، دوایین پێشهاتەکانی ناوچەکە بەگشتی، پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و چەند پرسێکی دیکەیان تاوتوێ کرد.

### سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە وەزیری دەرەوەی ڕووسیا دەکات

## سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان: پێشوازی لە بەهێزبوونی پەیوەندییە ئابوورییەکانمان لەگەڵ ڕووسیادا دەکەین

## وەزیری دەرەوەی ڕووسیا: پشتگیریی لە هەبوونی گەشتی ڕاستەوخۆ لە نێوان هەولێر و مۆسکۆدا دەکەین

ئێوارەی دوێنێ دووشەممە 2019/10/7مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە شاندێکی باڵای ڕووسی بە سەرۆکایەتی سێرجی لاڤڕۆڤ وەزیری دەرەوەی ڕووسیا کرد.

لە کۆبوونەوەیەکدا کە قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆک وەزیران ئامادەبوو، وەزیری دەرەوەی ڕووسیا دووبارە پیرۆزبایی دەستبەکاربوونی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد و ئاماژەی بە پەیوەندی میژوویی نێوان گەلی کورد و ڕووسیا و مانەوەی سەرکردەی میژوویی کورد مەلا مستەفا بارزانی کرد لە ڕووسیا.

لە کۆبوونەوەکەدا جەخت لە سەر پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و ڕووسیا کرایەوە و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کورستان ئاماژەی بەوەدا کە پێشوازی لە بەهێزبوونی پەیوەندییە ئابووریەکانمان لەگەڵ ڕووسیادا دەکەین، لەمبارەیەوە وەزیری دەرەوەی ڕووسیا ستایشی سەقامگیریی دۆخی ئاسایشی هەرێمی کوردستانی کرد و ئامادەیی وەبەرهێنەرانی وڵاتەکەشی دەربڕی بۆ سەرمایەگوزاریکردن لە هەرێمی کوردستان. هەروەها پشتگیریشی لە هەبوونی گەشتی ڕاستەوخۆ لە نێوان هەولێر و مۆسکۆ کرد .

لە تەوەرێکی کۆبوونەوەکەدا باس لە جموجۆڵ و هەڕەشەکانی داعش کرا لە چەند ناوچەیەکی عیراق و سوریا . هەردوولا هاوڕابوون کە داعش هێشتاش مایەی هەڕەشەیە لەو ناوچانە.

لاڤڕۆڤ ستایشی ڕۆڵی گرنگی پێشمەرگە و کوردی کرد لە عێراق و سوریا لە شەڕی دژ بە تیرۆریستانی داعش و ئامادەیی ڕووسیاشی دەربڕی بۆ هەر هاوکارییەک کە لە مبارەیەوە پێویست بێت.

هەروەها لە کۆبوونەوەدا گفتوگۆ دەربارەی بارودۆخی سوریا کرا. ئاماژە بەوە درا کە گرژبوونی زیاتری دۆخەکە زیانێکی زۆر بە خەڵکی ناوچەکە دەگەیەنێت. هەردوولا هاوڕابوون کە کورد ڕۆڵی خۆی لە داهاتووی سوریادا هەبێت.

سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان تیشکی خستە سەر گفتوگۆکانی نێوان هەرێمی کوردستان وحکومەتی فیدراڵی و ئاماژەی بەوەدا کە گفتوگۆکان بە ئامانجی گەیشتن بە ڕێککەوتن بەردەوامن. وەزیری دەرەوەی ڕووسیا پشتگیریی وڵاتەکەی بۆ گفتوگۆکانی نێوان هەردوولا دەربڕی.





### فازڵ میرانی پێشوازی لە شاندێکی باڵای هاوپەیمانیی نیشتمانی و دادپەروەری کرد

# د. ئارام قادر: دەبێت لە پرسە نیشتمانییەکاندا هاوهەڵوێست و یەکگرتوو بین

لە بارەگای مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پیرمام، دوێنێ دووشەممە فازڵ میرانی سکرتێری مەکتەبی سیاسی پێشوازی لە شاندێکی هاوپەیمانی نیشتمانی و دادپەروەری بە سەرۆکایەتیی د. ئارام قادر سەرۆکی هاوپەیمانیی نیشتمانی کرد.

لە دانشتنێکدا کە مەحموود محەمەد و جەعفەر ئیبراهیم و ڕێبوار یەڵدا ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و عەلی حوسێن بەرپرسی ئۆفیسی پەیوەندییەکانی کوردستانی و نیشتمانیی پارتی لەلایەن پارتی ئامادەی بوون و لەلایەنی هاوپەیمانی نیشتمانی سەرگۆڵ قەرەداغی و ئاشتی ستار و کاروان حەمە سالح ئەندامانی ئەنجوومەنی سیاسی ئامادەی بوون.

فازڵ میرانی وتڕای بەخێرهێنانی شاندی میوان، هاوکات تیشکی خستە سەر ڕەوشی ئەمڕۆی کوردستان و عێراق و ناوچەکە و دووپاتی کردەوە جیاوازی بیری سیاسی و ئایینی و نەتەوەیی جوانییەکی زۆری بە کوردستان بەخشیوە و پێکەوەژیان و یەکترقبووڵکردن لە سیفەتە هەرە بەرزەکانی گەلی کوردستانە. هەروەها میرانی دووپاتی کردەوە کە پارتی دیموکراتی کوردستان هەر لە ساڵی 1991 تا ساڵی 2003 هەموو هەوڵەکانی خستبووەگەڕ تا ئەمەریکییەکان پارتە ئیسلامییەکانی کوردستان نەخەنە لیستی تیرۆرەوە و لەوەدا سەرکەوتوو بووین و دەبێ هێزە سیاسییەکانی کوردستان و ناوچەکەش دەستبەرداری بیرکردنەوە لە سڕینەوەی بەرانبەر بن و پێکەوەژیان و ڕێزگرتن لە بیروباوەڕی بەرانبەر لە سەرووی هەموو شتێکەوە بێت و ببێتە فەرهەنگ لەناو کۆمەڵگای ئێمەدا. میرانی تەئکیدی کردەوە پەرەپێدانی پەیوەندی دووقۆڵی لە نێوان هەردوولادا جێگای خۆشحاڵی پارتییە و پەرەپێدان و بەرەو پێشبردنی ئەرکی هەردوولایە.

لەلای خۆیەوە د. ئارام قادر سەرۆکی هاوپەیمانیی نیشتمانی دادپەروەری سوپاسی مەکتەبی سیاسیی پارتی بۆ ڕەخساندنی ئەم دیدارە و پێشوازیکردنیان کرد و جەختی کردەوە، دامەزراندنی هاوپەیمانیی نیشتمانی و دادپەروەری بۆ خزمەتکردنی حکوومەت و گەلی کوردستان بووە. هەروەها دووپاتیشی کردەوە کە هاوپەیمانیی نیشتمانی و دادپەروەری فاکتەرێکە بۆ سەقامگیری ئەمنی و کۆمەڵایەتیی کوردستان و دەبێ لە پرسە نیشتمانییەکاندا هاوهەڵوێست و یەکگرتوو بین و بە خاڵە هاوبەشەکان کار بکەین و کار لەسەر خاڵە ناهاوبەشەکان بکەین تا لە خاڵێک بە یەکتر بگەین.

هەروەها د. ئارام قادر هیواشی خواست پەیوەندییەکان لەنێوان هەردوولادا بەرەوپێش بڕوات و لە خزمەتی گەلی کوردستان و پرۆسێسی سیاسیدا بێت.

# سەرۆک بارزانی سەردانی موحسین دزەیی کرد



ئێوارەی ڕۆژی دووشەممە 7ی10ی 2019سەرۆک بارزانی سەردانی سیاسەتمەدار و کەسایەتیی ناوداری کوردستان، بەڕێز موحسین دزەیی کرد.

لەو سەردانەدا سەرۆک بارزانی لە ڕەوشی تەندروستیی کاک موحسین دزەیی پرسییەوە و ییوای سەلامەتی بۆ خواست.

# ڕێبوار بابکەیی: نیەتی پەرلەمان و حکوومەت ئەوەیە پڕۆژەیاسای چاکسازی پەسەند بکرێت

### فراکسیۆنی پارتی پێداگرە لەسەر پەسەندکردنی پڕۆژەیاسای چاکسازی



پەرلەمانتارێکی پارتی ئاماژە بەوە دەدات کە هیچ ناکۆکییەک لەنێوان فراکسیۆنەکانی پەرلەماندا نییە لەبارەی پڕۆژەیاسای چاکسازییەوە و دەشڵێت، هەر فراکسیۆنێک تەگەرە بخاتە بەردەم پڕۆژەکە، پارتی زۆرینەی خۆی بەکار دێنێت لە بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستاندا.

دکتۆر ڕێبوار بابکەیی، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان، دەڵێت: پێش هەموو شتێک نییەتی پەرلەمان ئەوەیە پڕۆژەیاسای چاکسازی پەسەند بکرێت و بکرێت بە یاسا، دیارە ئەمە نییەتی حکوومەتیشە و یەکێک لەو پڕۆژەیاسایانەی حکوومەت دەینێرێت بۆ پەرلەمان، پڕۆژەیاسای چاکسازییە، هەڵبەت لە خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستاندا مشتومڕێکی زۆری ڕاگەیاندنی لەسەر کرا، بەڵام هەوڵ دەدرێت لە پەرلەمانی کوردستان بە سازان و بێ ئاستەنگ پەسەند بکرێت.

ئەو پەرلەمانتارە، لە لێدوانێکدا بە ماڵپەڕی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاندووە: مەبەست لە یاسای چاکسازی، ڕێکخستنەوەی کۆمەڵێک کەرتی گرنگ و پێویستە ڕێکبخرێنەوە، لەوانەش پرسی خانەنشینی و هەندێ لەو کەسانەی دوو مووچە و سێ مووچەیان هەیە، یانیش بە بندیوار ناسراون، چارەسەر دەکرێن و ڕێک دەخرێنەوە.

بابکەیی ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد: ئەگەر فراکسیۆنەکانی نێو پەرلەمان بە ئیرادەیەکی پتەو هەوڵ بدەن بۆ پەسەندکردنی، ئەوە بێگومان ئێمە وەک فراکسیۆنی پارتی زۆر پێداگرین لەوەی پێویستە لە ئایندەیەکی زوودا پڕۆژەیاسای چاکسازی پەسەند بکرێت لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە، کە بێگومان پاڵپشتی حکوومەتە لە ڕووی دارایییەوە و پارەیەکی زۆر مانگانە بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە.

پەیوەست بە ناکۆکیی نێوان فراکسیۆنەکانی پەرلەمان، دکتۆر ڕێبوار بابکەیی دەڵێت: هیچ ناکۆکییەک لەنێوان فراکسیۆنەکاندا نییە، بە تایبەتی لە نێوان فراکسیۆنی پارتی و یەکێتی، بەڵام هەر فراکسیۆنێک ویستی تەگەرە بخاتە بەردەم پەسەندکردنی پڕۆژەیاساکە، ئەوکات ئێمە وەک پارتی زۆرینەی خۆمان بەکار دێنین و لە بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستان پڕۆژەیاسای چاکسازی پەسەند دەکرێت.

# ئاسایش دانپێدانانی بکوژی خێزانە پێنج کەسییەکەی پیرەڕەش بڵاودەکاتەوە







هەفتەی ڕابردوو لە گوندی پیرەڕەش لە هەولێر، تەرمی دایک و باوکێک و سێ منداڵەکەیان دۆزرانەوە، دوای دەستگیرکردنی تۆمەتبارەکە، دوێنێ دووشەممە ئاسایشی هەولێر دانپێدانانەکەی بڵاوکردەوە. لە دانپێدانانەکەدا تۆمەتبارەکە دەڵێت، یەکەمجار پیاوەکەی کوشتووە، پاشان دەستڕێژی لە هاوسەرەکەی کردووە. بەپێی دانپێدانی تاوانبارەکە، سوالین هاوسەری هەیسەم هێشتا زیندوو بووە کە تاوانبارەکە "خوێنساردانە" بە بەرد کوشتوویەتی و دواتر هەر سێ منداڵەکەی کوشتووە.

بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێر لەم بارەیەوە ڕاگەیێندراوێکی بڵاوکردەوە کە ئەمە دەقەکەیەتی:

ڕاگەیێندراوێک لە بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێر:

لێکۆڵینەوەکان لە تاوانی کوشتنی خێزانێکی پێنج کەسی گەیشتنە ئەنجامی کۆتایی و تاوانبار دانی بە تاوانەکەیدا ناوە. وەک لە ڕاگەیێندراوی پێشوودا ئاماژەمان پێدا، تاوانبار (فەرەیدون کەریم ڕەمەزان) هەستاوە بە کوشتنی تەواوی ئەندامانی خێزانێکی کوردی ڕۆژئاوای کوردستان، کە نیشتەجێی گوندی (پیرەڕەشی)ی شاری هەولێر بوون، دوای ئەنجامدانی تاوانەکەیشی، تەرمی قوربانییەکانی بەجێهێشتووە.

بەپێی دانپێدانانەکەی کە لەگەڵ ئەم ڕاگەیێندراوە بڵاوکراوەتەوە، تاوانبار زیاتر لە دوو ساڵە، پەیوندیی و دراوسێیەتی لەگەڵ (بەسام حوسێن ڕەسوڵ) ناسراو بە (هەیسەم) هەبووە، نزیکەی مانگێکیشە ساردی کەوتبووە نێوانیان، بەڵام ئێوارەی 2019/10/2 تاوانبار بە ئۆتۆمبێلەکەی خۆی، ئەو کۆمەڵێک ئامێری پیسەکاری پێ بووە، چووەتە ماڵی قوربانییەکان و بە چەکی کلاشنکۆف (هەیسەم)ی کوشتووە، پاشان دەستڕێژی لە هاوسەرەکەی هەیسەم بەناوی (سوالین محەمەد نەزیر) کردووە، ئینجا هەرسێ منداڵەکەی (حوسێن 11 ساڵ، ڕوشکا 7 ساڵ و محەمەد 5 ساڵ)ی کوشتووە. بەپێی دانپێدانانی تاوانبار، سوالین هێشتا زیندوو بووە، کە تاوانبار خوێنساردانە بە بەرد کوشتوویەتی.

هێزەکانی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێر، لە ڕێککەوتی 2019/10/3 و تەنها یەک ڕۆژ دوای ئەنجامدانی تاوانەکە، تەرمی قوربانییەکانی دۆزیوەتەوە، هەمان ڕۆژیش تاوانبار دەستگیرکراوە و بەپێی ڕێککارە یاساییەکان لێکۆڵینەوەکان ئەنجامدراون و کەیسی تاوانبار ڕەوانەی دادگا کراوە.

**بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێر**
**2019/10/7**

# د. بەشیر حەداد داوا لە پەرلەمانتاران دەکات بەشداری کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی نوێنەران بکەن



دوێنێ دووشەممە 2019/10/7 سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، کۆبوونەوەیەکی گرێدا بە بەشداری هەریەک لە محەمەد حەلبوسی سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران و دکتۆر بەشیر حەداد جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران، لەگەڵ سەرۆکی فراکسیۆنەکان و سەرۆکی لیژنەکانی ناو ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق. لە کۆبوونەوەکەدا جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق باسی لە گرنگی ئامادەبوونی تەواوی ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران کرد لە کۆبونەوەی پەرلەمان بۆ دەنگدان لەسەر بڕیارەکانی چاکسازی و ئەو ڕێوشوێنانەی کە حکوومەت دەریکردوون بۆ وەڵامدانەوەی داواکاری خۆپیشاندەران، داواشی لە حکوومەت کرد کە ڕێنمایی و بڕیارەکانی ئەنجومەنی نوێنەران جێبەجێبکات. لە کۆبوونەوەکدا گەنگەشەی دوا پێشهات و ڕووداوەکانی ئەمدواییە کرا بۆ تێپەڕبوون بەسەر ئەو قەیرانەدا و دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەکی خێرا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و کەمکردنەوەی ئازاری هاوواڵتیان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری پێویست. دکتۆر بەشیر حەداد بە گرنگی زانی پەرلەمان هەستێت بە ڕۆڵی چاودێریکردن و یاساداانن و جەختیشی کردەوە لەسەر پێویستی وەڵامدانەوەی خێرای داواکارییەکانی خۆپیشاندەران.

# مەیادە نەجارِ: ئەو هەموو گەندەڵییەی لە عێراقدا هەیە بە ماوەی یەک ساڵ چارەسەر ناکرێت



پەرلەمانتارێکی کورد لە پەرلەمانی عێراق ڕایدەگەیەنێت، کە گەندەڵییەکانی عێراق زادەی ساڵێک نین، بەڵکو لە ماوەی حکوومەتەکانی پێش ئەم حکوومەتەی ئێستا، پەیدا بوون.

مەیادە نەجارِ، ئەندامی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق، بە خەباتی ڕاگەیاند: پارتی پشتگیریی خۆپیشاندەران دەکات، کە بەشێوەیەکی مەدەنیانە داوای مافی ڕەوای خۆیان دەکەن و بەپێویستیشی زانی حکوومەت داواکیان جێبەجێبکات. مەیادە نەجارِ ئاماژەی بە حوکمڕانیی 16 ساڵی ڕابردووی عێراق و ڕەوشی بەغدا لەو ماوەیەدا کرد و ڕایگەیاند: بەغدا شارێکی بێنازە، بە دڕێژایی ئەو چەند ساڵە هیچ پڕۆژەیەکی خزمەتگوزاریی وەک ئاو کارەبا بۆ هاووڵاتییانی ئەو شارە دابین نەکراوە. بەگوتەی ئەو پەرلەمانتارە، پارەیەکی خەیاڵی بۆ چارەسەرکردن و دابینکردنی کارەبا بۆ بەغدا تەرخانکراوە، بەڵام تا ئێستا دانیشتوانی بەغدا کارەبایان بە تەواوی نییە و ئەمەشی بە دەرەنجامی ئەو هەموو گەندەڵییانە هەژمار کرد، کە لە ماوەی حکوومەتەکانی پێش کابینەکەی عادل عەبدولمەهدی، ئەنجام دراون و گوتی، ئەو هەموو گەندەڵییەش بە ماوەی یەک ساڵ چارەسەر ناکرێت.

مەیادە نەجارِ لەبارەی کەسایەتیی عادل عەبدولمەهدی، سەرۆک وەزیران و کارەکانی، ڕایگەیاند، عەبدولمەهدی بۆ هەموو گەلی عێراق باشە و پێویستە هاووڵاتییان پشتگیری و هاوکاریی بکەن، بۆ ئەوەی بتوانێت ئەو گەندەڵییانەی لە بەغدا و شارەکانی دیکە هەیە، ئەگەر بنبڕیشی نەکات، لانیکەم کەمیان بکاتەوە.

www.xebat.net
ژمارە (5844) 2019/10/8 سێ شەممە
خەبات

# بڕیارەکەی ترەمپ لەبارەی رۆژئاوای کوردستان کاردانەوەی وڵاتانی لێکەوتەوە

## هیلاری کلینتن:
## بڕیارەکەی ترەمپ خیانەتێکی قێزەونە لە کورد و سوێندە یاساییەکەی

## فەرەنسا:
## زۆر نیگەرانین لە ئەگەری هێرشی تورکیا لە باکووری رۆژهەڵاتی سووریا

## ڕووسیا:
## پێویستە تورکیا ڕێز لە سەروەری خاکی سووریا بگرێت



پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەی ڕۆژی یەکشەممەی نێوان سەرۆکی ئەمەریکا و سەرۆککۆماری تورکیا و دواتریش ڕاگەیێندراوەکەی کۆشکی سپی لەبارەی ئەگەری ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سوپای تورکیا بۆسەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی هەسەدە و نەمانی سوپای ئەمەریکا لەو ناوچەیە، کاردانەوەی جیاوازی بەدوای خۆیدا هێنا. لە کاردانەوەی سەروبەندی نزیکبوونەوەی هێرشی تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان، وەزیری دەرەوەی فەرەنسا دەڵێت، زۆر نیگەرانن لە هەواڵی ئەگەری هێرشێکی تاکلایەنە لەلایەن تورکیاوە لە باکووری ڕۆژئاوای سووریا. ژان ئیڤیس لۆدریان، وەزیری دەرەوەی فەرەنسا دەڵێت، ئەو هێرشە زیان بە سەقامگیری ناوچەکە دەگەیێنێت و دەرئەنجامەکەی زیانێکی گەورەی مرۆیی لێدەکەوێتەوە. "داوا لە تورکیا دەکەین خۆی لە دەستپێشخەرییێکی لەم جۆرە بەدووربگرێت کە دژی بەرژوەندییەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژ بە داعش و ئەوەی بەشێکە لەو هاوپەیمانە".

### بڕێت مەکگورک ڕەخنەی توند لە سەرۆک ترەمپ دەگرێت

نوێنەری پێشووی سەرۆکایەتی ئەمەریکا بۆ شەڕی داعش ناڕەزایی خۆی دەربڕی بەرامبەر بڕیارەکەی سەرۆک ترەمپ بۆ کشانەوە لە ناوچە سنووریییەکانی سووریا لەگەڵ تورکیا. دوێنێ دووشەممە بڕێت مەکگورک لە تویتەرەکەی نووسیویەتی: ترەمپ فەرماندەی باڵا نییە. بڕیاری سەرەڕۆیانە دەدات بەبێ ئەوەی زانیاری هەبێت یان تاووتوێی مەسەلەکە بکات. ئەندامانی لەشکر ڕەوانەی شوێنی مەترسیدار دەکات بەبێ ئەوەی پاڵپشتیان بکات. لەپڕ هەڵدەچێت و هاوپەیمانانمان جێدەهێڵێت کاتێک نەیاران فریوی دەدەن یان کە ڕووبەڕووی پەیوەندییەکی تەلەفۆنی توند دەبێتەوە.

هەروەها نووسیویەتی: بە کورتی و پوختی ترەمپ لە پاش پەیوەندییەکی تەلەفۆنی لەگەڵ ڕێبەرێکی بیانی دیاربیەکی بەخشییە ڕووسیا، ئێران و داعش. شایەنی باسە، لێرە لە پەیوەندییەکانی دەرەوە هۆشداریم لەم بارەیەوە دابوو و پێشنیاری ئەنجەرناتیڤم کرد بە لەبەرچاوگرتنی ڕاستییەکان لەسەر ئەرزی واقیع و لەم کۆشکی سپیەشدا. بڕێت مەکگورک دەشڵێت ترەمپ زانیاری نییە کە چەکدارە دەستگیرکراوەکانی داعش لای هێزەکانی سووریای دیموکراتن، نەک هێزەکانی ئەمەریکا.

### کۆنگرێسمانێک: بڕیارەکەی ترەمپ وا دەکات چیدیکە کورد متمانەی بە ئەمەریکا نەمێنێت

لەلایەکی دیکەشەوە کۆنگرێسمانێکی ئەمەریکی ڕەخنە لە ترەمپ دەگرێت و ڕایدەگەیەنێت، لە دوای بڕیارەکەی ترەمپ لە سووریا، ڕەنگە کورد بەدوای ڕێگایەکی نوێدا بگەڕێت کە ڕەنگە ڕێگای سەربەخۆیی بێت. ڕوبن گالیگۆ، ئەندامی کۆنگرێسی دیموکراتەکانی ئەمەریکا لە تویتێکدا ئیدانەی بڕیارەکەی ترەمپی کردووە لە سووریا و نووسیویەتی ڕێگەدان بەوەی تورکیا بچێتە باکوری سووریاوە، دەبێتە هۆی دروستکردنی ناسەقامگیریی زیاتر ئەوەش وا دەکات چیدیکە کورد متمانەی بە ئەمەریکا نەمێنێت.

هەروەها ئەو کۆنگرێسمانە ڕاشیگەیاندووە، کە لەدوای ئەو بڕیارەی ترەمپ ڕەنگە کورد بە دوای ڕێگایەکی نوێدا بگەڕێت بۆ ئەوەی پارێزگاری لە خۆیان بکەن کە یەکێک لەو ڕێگایانەش سەربەخۆییە.

### ئەڵمانیا: دەستوەردانی سەربازی بارودۆخی سووریا تێکدەدات

گوتەبێژی حکومەتی ئەڵمانیاش ڕایگەیاند، هەر ئۆپەراسیۆنێکی سوپای تورکیا بارودۆخی سووریا زیاتر تێکدەدات و کاریگەری گەورەی نەرێنی سیاسی و مرۆییشی دەبێت. ئولریک دێمەر، گوتەبێژی حکومەتی ئەڵمانیا دەڵێت وڵاتەکەی ڕاگەیێندراوە دووبارەکانی سیاسەتمەدارانی تورکیا بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سەربازیی تاکلایەنە لە باکووری سووریا زۆر جیدی وەردەگرێت و دەستوەردانی سەربازیی لەوجۆرە بارودۆخی سووریا زیاتر تێکدەدات دەبێتە هۆکارێک بۆ خراپبوونی سەقامگیری وڵات. بەدڵنیاییەوە ئەو کارە کاریگەری وێرانکەری لە بواری سیاسی و پرسە مرۆییەکانیش دەبێت".

## یەکێتیی ئەورووپا:
## تووندوتیژی لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا مەترسی گەورەی دەبێت



## بڕێت مەکگورک:
## ترەمپ فەرماندەی باڵا نییەو بڕیاری سەرەڕۆیانە دەدات



### ڕووسیا داوا لە تورکیا دەکات سەروەری خاکی سووریا بپارێزێت

دمیتری پێسکۆڤ، گوتەبێژی کۆشکی کرملن ڕایگەیاند، "مۆسکۆ لە پێداویستییەکانی تورکیا بۆ پاراستنی ئاسایشی خۆی تێدەگات، بەڵام پێویستە ڕێزی سەروەری خاکی سووریا بگرێت". هەروەها گوتەبێژی یەکێتیی ئەورووپا ڕایگەیاندووە، ڕێکخراوەکەی لە نیگەرانییەکانی تورکیا تێدەگات، بەڵام دروستبوونی شەڕ لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا کێشەی گەورە دروستدەکات. مایا کۆسیجانجیک، دەڵێت، سەرەڕای تێگەیشتن لە نیگەرانییە ئەمنییە ڕەواکانی تورکیا یەکێتیی ئەورووپا هەر لەسەرەتاوە ئاماژەی بەوەکردووە کە هەر چارەسەرێکی ماوەدرێژ بۆ قەیرانی سووریا لە ڕێگەی ئامرازی سەربازییەوە نابێت. ئەو گوتەبێژە پێشی وایە، دروستبوونەوەی تووندوتیژی لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا نەوەک تەنیا دەبێتەهۆی مەینەتی خەڵکی سڤیل و ئاوارەبوونی خەڵکێکی زۆر، بەڵکو مەترسی ئەوەیشی هەیە هەوڵە سیاسییەکانی ئێستا لاواز بکات کە پشتگیریان لێدەکەن.

### نەتەوەیەکگرتووەکان: دەبێت نیگەرانییە مرۆییەکان لەبەرچاو بگیرێن

هەروەها ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانیش لە پێشهاتەکان نیگەرانە و ئاماژە بەوە دەکات، پێویستە لە حاڵەتی دروستبوونی هەر شەڕێکدا ژیانی خەڵکی سڤیل پارێزراو بێت. پانۆس مومتیز، ڕێکخەری مرۆیی یونێتن بۆ سووریا لەو بارەیەوە ڕایگەیاند، "نازانین چی ڕووەدات. بەدڵنیاییەوە لەگەڵ هەموو لایەنەکان و هەموو حکومەتەکان و هەموو کەس لە پەیوەندیداین بۆ باسکردنی ئەم بابەتە و هەربۆیە لەگەڵ ئێوەش قسەی لەبارەوە دەکەم و داوا لە هەموو لایەک دەکەم دڵنیایی بدات کە نیگەرانییە مرۆییەکان لەبەرچاو بگیرێن، بەتایبەتی کاتێک دەبینین دەکرێت لە ڕۆژانی چەند هەفتەی داهاتوودا هەندێک شت ڕووبدات".

لەلایەکی دیکەشەوە چەندین کەسایەتیی ناسراوی ئەمەریکاش نیگەرانیان لە بڕیارەکەی سەرۆکی وڵاتەکەیان دەربڕی، لەوانەش هیلاری کلینتن و بڕێت مەکگۆرک و لیندزی گراهام. هیلاری کلینتن، وەزیری دەرەوەی پێشووتری ئەمەریکا لە ئەژماری خۆی لە تووێتەر دەڵێت، بڕیارەکەی ترەمپ خیانەتێکی قێزەونە لە کورد و سوێندە یاساییەکەی.

تورکیا دوو مەبەستی سەرەکی لەو ئۆپەراسیۆنەدا هەیە، یەکەمیان پاراستنی سنوورەکانی و کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتداریێتی یەپەگە، دووەمیشیان نیشتەجێکردنی نزیکەی یەک ملیۆن ئاوارەی سووری لەو ناوچەیە کە ئێستا لە تورکیان. هاوکات دەیەوێت دەروازەیەکی نوێی سنووری لە نێوان تورکیا و سووریا و عێراق دروستبکات.

**سەرچاوە: ڕووداو، دەنگی ئەمەریکا، K24**

## فالح فەیاز بۆ «خەبات»: چاکسازی بە فەوزا و ئاگرتێبەردان ناکرێت



**خەبات -مەریوان نەقشبەندی:** لە لێدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات فالح فەیاز ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانیی عێراق ڕایگەیاند: ئێمە بەرگری لە دەستوور و دەوڵەتێک دەکەین کە خوێن و قوربانیمان بۆ داوە و عێراقییەکان دڵنیا دەکەمەوە کە نیازی خراپی خراپەکاران لە پەنای ئەم خۆپیشاندانانەی ڕۆڵەکانی عێراق نایەتەدی. فالح فەیاز ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانیی عێراق کە چەند ڕۆژێک لەمەوپێش لە ئەمەریکا بوو گفتوگۆی لەگەڵ گەورە بەرپرسانی ئیدارەی ئەمەریکا کرد لەسەر ئایندەی پەیوەندییەکانی ئەمەریکا و ئێران و ڕۆڵی عێراق لەم پەیوەندییە ئاڵۆزانەی ئێستا، لە دڕێژەی لێدوانەکەیدا بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: خەڵکی عێراق مافی خۆیانە خۆپیشاندان بکەن بۆ مافە سەرەتاییەکانی خۆیان بۆ خزمەتگوزاری و بژێوی ژیانیان و ئەوانە هەموو ڕۆڵەی ئێمەن، بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین کە چاکسازی بە فەوزا و ئاگرتێبەردان ناکرێت و تەنها دەوڵەت و سستم و یاسا دەتوانێت گەندەڵکاران سزا بدات و چاکسازی بکات و بژێوی هاوواڵتییان چاک بکات و هەڵی کاریان بۆ بڕەخسێنێ.

ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتیمانیی عێراق هەروەها گوتی: ئێمە دەزانین کێ لە پشت ئەم کارە تووندوتیژیانەوەیە کە چەند ڕۆژێکە ناوەڕاست و باشووری عێراقی گرتووەتەوە و ناو ناونیشان و هەموو وردەکاری ئەو دەستانەمان لەلایە کە دەیانەوێت لە سێبەری نارەزایی خەڵک و داواکاری ڕەوای عێراقییەکان مەرامی سیاسی خۆیان بهێننەدی و لە کاتی پێویستیشدا بەڵگەکان بلاو دەکەینەوە. خەڵکی عێراقیش دڵنیا دەکەینەوە کە بەدەم داواکاری ڕەوای خۆپیشاندەرانی دڵسۆزی عێراقەوە دەچین، نیگەرانی خۆشی بۆ قوربانییەکانی ئەم خۆپیشاندانانەی ڕۆژانی ڕابردوی عێراق دەربڕی و داوای کرد مۆڵەت بە حکوومەت و یاسا و دەزگا ئەمنییەکان بدەن دەست بە چاکسازییە خزمەتگوزارییەکان بکەن.

لە کۆتایی لێدوانە تایبەتەکەی بۆ ڕۆژنامەی خەبات فالح فەیاز ستایشی هەڵوێستی سەرکردایەتیی سیاسی گەلی کوردی کرد کە لەم خۆپیشاندان و ڕووداوانەی ئەم دواییەی ناوەڕاست و باشووری عێراق بەوپەڕی هەستکردن بە مەسئولیەت و دڵسۆزیان بۆ ئاشتی لە عێراقدا هەڵوێستیان نواندووە و ئەمەش نیشانەی حیکمەتی سەرکردایەتیی سیاسیی گەلی کوردە.

## سەرۆکوەزیرانی عێراق بڕیاری دا بە کشانەوەی هێزەکانی سوپا لە ناوچەی سەدر



سەرۆکوەزیرانی عێراق، عادل عەبدولمەهدی فەرمانی دا بە کشانەوەی هێزەکانی سوپا لە ناوچەی سەدر ڕۆژهەڵاتی بەغدا و جێگیرکردنی هێزەکانی پۆلیسی فیدرال لە ناوچەکە. شانەی ڕاگەیاندنی ئەمنی سەر بە سوپای عێراق ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە کە تیادا هاتووە سەرۆکوەزیران، عادل عەبدولمەهدی فەرمانیداوە بە کشانەوەی هێزەکانی سوپا لە ناوچەی سەدر ڕۆژهەڵاتی بەغدا و جێگیرکردنی هێزەکانی پۆلیسی فیدرال لە ناوچەکەدا. لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئەوە خراوەتەڕوو کە عادل عەبدولمەهدی ئەو فەرمانەی بەهۆی ئەو پێکهەڵپژانە دەرکردووە کە ڕۆژی یەکشەممە لە میانی خۆپیشاندان لە ناوچەی سەدر لەنێوان خۆپیشاندەران و هێزە ئەمنییەکاندا ڕوویدابوو. لە خۆپیشاندانەکەی ناوچەی سەدر، هێزە ئەمنییەکان گوللەی ڕاستەقینە، بۆمبی دەنگی و گازی فرمێسکڕێژیان بە ئامانجی بڵاوەپێکردنی خۆپیشاندەران بەکارهێنابوو بە بیانووی ئەوەی خۆپیشاندانەکە بەبێ وەرگرتنی مۆڵەت ئەنجامدراوە و بەهۆیەوە هەشت کەس کوژران و 20ی دیکەش بریندارببوون. لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئەوەش هاتووە لە خۆپیشاندانەکەی ناوچەی سەدردا، هێز لە دەرەوەی یاسای دیاریکراوی پێکدادان و ڕووبەڕووبوونەوە، بەکارهێنراوە. بەپێی ڕاگەیەندراوەکە لە میانی لێکۆڵینەوەکاندا، دەستکراوە بە ڕیکاردکان بە ئامانجی سزادانی ئەو فەرماندە و ئەفسەرانەی کە ئەو کارە هەڵەیەیان ئەنجامداوە.

لە کۆتایی ڕاگەیەندراوەکەدا شانەی ڕاگەیاندنی جەنگی سەر بە سوپای عێراق جەختیکردووتەوە لەسەر ئەوەی کە پێویستە سەرجەم هێزە ئەمنییەکان پابەندبن بە یاسای دیاریکراوی پێکدادان و ڕووبەڕووبوونەوەکان بەتایبەتیش لە پاراستنی گیانی خۆپیشاندەران، هەروەها بەڕەنگاربوونەوەی تووندوتیژی.

# وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار لەگەڵ بەشێک لە سەرۆک شارەوانییەکانی هەولێر کێشەکانی هاووڵاتیانی تاوتوێ کرد



ڕۆژی 7ی ئۆکتۆبەری2019 ، ساسان عەونی وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزاری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی شارەوانییەکانی هەولێر بۆ لە نزیکەوە ئاگاداربوون لە ڕەوشی خزمەتگوزاری و کێشە و داواکاری هاووڵاتیان، لەگەڵ سەرۆک شارەوانییەکانی سنووری بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی شارەوانییەکانی هەولێر کۆبوونەوە. بەڕێز وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار لە سەرەتای کۆبوونەوەکەدا گوتی: ئەم جۆرە کۆبوونەوانە بەردەوام دەبن لەگەڵ سەرجەم فەرمانگە و پارێزگاکانی دیکەش. گوتیشی: دامەزراوەکانی شارەوانی بەشێوەیەکی گشتی و بەردەوام کار و کۆنتاکیان لەگەڵ خەڵکدایە ، بۆیە کەمتەرخی نارەزایی خەڵک دروست دەکات و داوای لێ کردن خزمەتی خەڵک بکەن و بە شێوەیەکی شیاویش کارئاسانی بۆ هاووڵاتیان بکەن. سەبارەت بە کارنامەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ساسان عەونی، گوتی: حکومەتی هەرێمی کوردستان خزمەتی زیاتری هاووڵاتیان دەکات لە ڕێگەی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری زیاتر بۆ سەرجەم ناوچەکان، هەروەها بەڕێز وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار، گوتیشی: لە بەرانبەر ڕایەکردنی ئیشوکاری هاووڵاتیان هەر کەسێک پەنا بۆ داواکاری نایاسایی و دەستکەوتی نایاسایی ببات، ئینجا دیاری یان هەر شتێکی دیکە بێت، دووچاری ڕێوشوێنی یاسایی دەبێتەوە و ئەمە هێڵی سوورە. لەبارەی چاوپۆشیکردن لە زێدەڕۆیی، گوتی: چاوپۆشیکردن لە زێدەڕۆیی قبوولکراو نییە و بە هیچ شێوەیەکیش چارەنووسی وەزیفی خۆتان مەکەنە قوربانی و داواشی لێ کردن نەکەونە ژێر گوشاری هیچ لایەن و کەسێکەوە، چونکە کاری شارەوانییەکان تەنیا لەپێناو بەرژەوەندی خەڵکە و دەبێ ڕەچاوی یاسا و ڕێنماییەکان بکرێت. لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا ساسان عەونی وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار داوای لە سەرۆک شارەوانییەکانی سنووری بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی شارەوانییەکانی هەولێر کرد کە کاروباری هاووڵاتیان دوانەخەن، چونکە مافی خۆیانە کاریان بۆ بکرێت، سەبارەت بە پرۆژەکانی نۆژەنکردنەوەش، گوتی: لێژنەیەک سەبارەت بە نۆژەنکردنەوەی ئەو پرۆژانە دروستکراوە کە پێویستییان بە نۆژەنکردنەوە هەیە. هەروەها گوتیی لە سەرۆک شارەوانییەکان گرت و پرسیارەکانی وەڵامدانەوە.

## هەڤاڵی بارزانیی نەمر بۆ یەکێتی سۆڤیەتی جاران
# میرۆ بێداروونی کۆچی دوایی کرد



**خەبات ـ سەفەر ژاژۆکی**

دوای ململانێکی زۆر لەگەڵ نەخۆشی هەڤاڵی بارزانیی نەمر بۆ یەکێتی سۆڤیەتی جاران میرۆ چیچۆ چاوشین ناسراوە بە میرۆ بێداروونی لە قەزای سۆران کۆچی دوایی کرد لەمەڕاسیمێکی شایستەدا تەرمی خوالێخۆشبوو بە ئامادەبوونی بەرپرسانی حزبی و حکومی و لەشکری و جەماوەری دەڤەری بارزان کەسوکار و هاوسەنگەرەکانی لە گۆڕستانی گوندی بێداروون سەربەدەڤەری بارزان بە خاک سپێردرا.

خوالێخۆشبوو پێشمەرگەی دڵسۆز میرۆ چیچۆ بێداروونی لە ساڵی 1922 لە گوندی بێداروونی سەر بە دەڤەری بارزان لە بنەماڵەیەکی خەباتکار لە دایکبووە، لە تەمەنی 10ساڵی دا بووە کە لە ساڵی 1932 لەگەڵ کەسوکاری ئاوارەی تورکیا بوون، 2 بڕای تێکۆشەری پێش دەستپێکردنی شۆڕشی دووەمی بارزان بەناوەکانی شەهید محەمەد بێداروونی و شەهید سێودین بێداروونی لەگەڵ ئامۆزای عوزیر بێداروونی کە گەنجی لێهاتوو و شۆڕشگێڕ بوون لەکەرکوک بەندکران لە سێدارە دراون و شەهید بوون بۆ کوردستان. خوالێخۆشبوو میرۆ بێداروونی لە ساڵی 1943 بەشداری لە شۆڕشی دووەمی بارزان دەکات و ڕۆڵی لە داستانەکان هەبووە، ساڵی 1945 لەگەڵ کەسوکاری ئاوارەی کوردستانی ڕۆژهەڵات دەبن و لەگەڵ بنەماڵەکەی بە باوک و کەسوکار بەشداری لەبەرگری کردن لە کۆماری کوردستان مەهاباد کردووە و یەکێک لەو هەڤاڵانە بووە کە لەگەڵ بارزانیی نەمر لە پێناو کوردستان ڕێگای مان و نەمانی هەڵبژارد لە 1947.6.18 لە ڕوباری ئاراس پەڕینەوە و پەنایان بردە بەر سۆڤیەتی جاران، لە لایەکی تر لە ساڵی 1947 لە ناو سیمی دیانا باوک و برا و کەسوکاری لەگەڵ پیاوە بارزانییەکان لە کەرکوک بەندکران، فیداکار میرۆ بێداروونی لە ئاوارەییدا بڕوانامەی بەکالۆریسی کشتوکاڵ وەردەگرێت و دوای 12 ساڵ ئاوارەیی و دەربەدەری لەگەڵ هەڤاڵەکانی ساڵی 1959بە کوردستان شاد دەبن، دوای گەڕانەوە لەساڵی 1961 بەسەرۆکایەتی بارزانیی نەمر بەشداری لە شۆڕشی مەزنی ئەیلوول ئاوارەیی دەکات و بەشداری چەندەها داستانی کردووە و بۆ هەمو ئاواتی ئەو خزمەتکردن بە ڕێبازی بارزانیی نەمر بووە، کەسایەتیەکی دیاری دەڤەری بارزان بووە، لە تەمەنی 97 ساڵی دا کۆچی دوایی کرد.

# بەڕێسی لقی 16: پارتی خاوەن خەباتێکی دوورودرێژی پڕ لەسەروەریە بۆ گەلەکەمان




بەئامانجی تاوتوێکردنی کارنامەی کۆنفرانس و ئامادەکاری بۆ بەستنی کۆنگرەی چواردەهەمینی پارتی دیموکراتی کوردستان کە بڕیارە لەئایندەیەکی نزیکدا دەست بەئامادەکارییەکانی بکرێت لەهۆڵی بۆنەکان لەبارەگای لق ,بڵند ئیسماعیل بەڕێسی لقی16ی هەولێری پارتی دیموکراتی کوردستان سەربەشتی کۆبوونەوەیەکی فراوانی کرد کەتیایدا نوێنەری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارێزگای هەولێرو کارگێڕان و ستافی لق و ژمارەیەکی زۆر لەئەندامانی ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لەسنووری دەروبەری شاری هەولێر ئامادەی بوون .

لەدەسپێکی کۆنفرانسەکەدا بەڕێسی لقی 16 ئاماژەی بەڕۆڵی گرنگ و پڕ بایەخی پارتی دیموکراتی کوردستان کرد کە لەدیرۆکی بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلەکەماندا خاوەن خەباتێکی دوور و درێژی پڕ لەقوربانیدان و سەروەریە بۆ نیشتمان و نەتەوەکەمان هەر بۆیەشە لەو ماوە دوور و درێژەدا هەر بەپێشەنگ و سەرقافلەی کورداییەتی ماوەتەوەو ڕۆژ لەدوای ڕۆژیش لەگەسەندن و فراوانتر بوونی ئۆرگانەکانی دایە ,بێگومان ئەمەش هەروا بەسانایی بەدی نەهاتووە بەڵکو بۆ ڕێبەرایەتی و خوێندنەوەو دووربینی جەنابی سەرۆک مەسعود بارزانی بۆقۆناغە جیاجیاکان و ئەو دابەشکردن و گواستنەوەو بەڕێوەبەری گشتی پارێزگای هەولێر ئامادەی بوون ، وەزیری کارەبا پیرۆزبایی لە کۆمپانیای ناوبراو کرد و داوای لێکردن لەرووی کوالێتی و کاتەوە پابەندی تەواوی بڕگەکانی ناو گرێبەستەکە بن، چونکە لەگەڵ هاتنی وەرزی زستان و هەڵکشانی خواست کێشەی بارگرانی لەو ناوچەیەدا ڕوودەدات .

لەلایەن خۆشیانەوە کۆمپانیای ناوبراو سوپاسی وەزارەتی کارەبای کرد و بەڵێنیدا لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا تەواویی بڕگەکانی ناو گرێبەستەکە جێبەجێ دەکەن.

ئەرک و بەرپرسیارێتییە گەورەیەیە کە پارتی شانی داوەتەبەر. لەبەشێکی دیکەی کۆنفرانسەکەدا کارنامەی کۆنفرانس خوێندرایەوەو دوای شیکردنەوەی بڕگەو بابەتەکانی لەلایەن ئامادەبووانەوە گفتوگۆی تێرو تەسەلیان لەسەر کراو چەندین و سەرنج و پێشنیارو داواکاری خرانەڕوو بەمەبەستی زیاتر دەوڵەمەند کردنی کارنامەی کۆنفرانسەکە.

# کێشەی بارگرانی لەسەر کارەبای چۆمان چارەسەر دەکرێت



بەپێی گرێبەستێکی نێوان وەزارەتی کارەبا و کۆمپانیای سەرسەنگ محاویلەیەکی 33/11 کەی ڤی قەبارە 16MVA بۆ وێستگەی چۆمان دادەنرێت و کێشەی بارگرانی لەسەر وێستگەی چۆمان چارەسەر دەکرێت.

دوێنێ ڕێکەوتی2019/10/7 ئەندازیار کەمال محەمەد سالح وەزیری کارەبا لەنووسینگەی تایبەتی خۆی گرێبەستێکی لەگەڵ کۆمپانیای سەرسەنگ واژوو کرد بۆ دابینکردنی محاویلەیەکی 11/ 33 کەی ڤی قەبارە 16MVAبۆ وێستگەی چۆمان لەسنووری پارێزگای هەولێر کە بەگوژمەی 332ملیۆن و 850 هەزار دینار لەماوەی 120 ڕۆژدا جێبەجێ دەکرێت، بەجێبەجێکردنیشی کێشەی بارگرانی لەسەر وێستگەی چۆمان چارەسەر دەکرێت.

لەمیانەی ئیمزاکردنی گرێبەستەکەدا کە بەڕێوەبەرانی گشتی کارەبا و کۆمپانیای سەرسەنگ بەشداربوون، وەزیری کارەبا ئاماژەی بەوە کرد کە ئەم ڕێکەوتنە بەشێکە لە ستراتیژی وەزارەتی کارەبا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی بارگرانی لە هەموو ناوچەکانی هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی لە ناوچە گەشتیارییەکان، بەتایبەتی لە هەولێر و دهۆک و سلێمانی، بەمەبەستی بەهێزکردنی ئاستی ڕاگەیاندنی کارەبا و بەردەوامی لە دابینکردنی بۆ هاووڵاتیان.



# دیزاین و تەندروستی لە سیمپۆزیەمێکی زانکۆی سەلاحەدین . هەولێردا

لە سەنتەری ڕۆشەنبیری و کۆمەڵایەتی زانکۆی سەلاحەدین، بەشی تەلارسازی لە کۆلێژی ئەندازیاری یەکەم سیمپۆزیەمی تایبەت بە دیزاین و تەندروستی ڕێکخست بۆ چەند پسپۆرێکی نێودەوڵەتی لەم بوارەدا. لە ژێر ناونیشانی دیزاین و تەندروستی و بە ئامادەبوونی ڕاگری کۆلێژی ئەندازیاری و ژمارەیەکی بەرچاو لە مامۆستا و قوتابیانی کۆلێژ، لە میانەی سێ تەوەردا پرسی چۆنیەتی دیزاین کردنی تەندروستانە بە چڕی گفتوگۆی لەبارەوە کرا. لە پانێلی یەکەمدا پرۆفیسۆر ئالان دیلانی لە چوارچێوەی بابەتێکیدا تیشکی خستە سەر چۆنیەتی دیزاین کردنی شارەکان بەشێوەیەکی تەندروست بۆ ئەوەی ناوەندی تەمەن لەگەڵ ستاندەرە جیهانییەکان نزیک بێتەوە، بۆ ئەمە پێویستی بەگەرخستنی هەوڵی زانستی ناوەندە ئەکادیمیەکانە. لە تەوەری دووەمی سیمپۆزیەمەکەدا پرۆفیسۆر پاول بەراج، بابەتێکی پێشکەش کرد لەسەر سیستەمی تەندروستی، بەشێوەیەک کە کار لەسەر پەرەپێدانی سیستەمی تەندروستی و چۆنیەتی دیزاین کردنی کە نزیک بێت لە ستاندەرە جیهانییەکان. لە تەوەرەی سێیەمیشدا ئەندازیار نادیە تۆبیە بابەتێکی پێشکەشکرد سەبارەت بە چارەسەریەکانی دیزاینە لۆکاڵییەکان بۆ گونجان لەگەڵ ستاندەرە جیهانییەکان لەبواری تەندروستی و ژینگەدا.

## پرسەو سەرەخۆشی

**بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان**
**بەڕێزان لە خانەوادەی خوالێخۆشبوو شێخ قادر شێخ یوسف شەدەڵەیی**

بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوولی مەزن شێخ قادر شێخ یوسف شەدەڵەیی مان پێگەیشت. هاوخەمی بۆ خانەوادە تێکۆشەر و بەڕێزەکەتان ڕادەگەنێ و سەرەخۆشی ئاراستەی ئێوە و خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەکەین. خودای گەورە ئارامی و دڵنەوایی بە هەموو لایەک ببەخشێت و خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.

**إنا لله و إنا إليه راجعون**

**یارەکای بارزانی**

***

**بنەماڵەی نووسەر و ئەکادیمیست پرۆفیسۆر عیزەددین مستەفا ڕەسوڵ**

بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە، هەواڵی کۆچی دوایی پرۆفیسۆر (عیزەددین مستەفا ڕەسوڵ)مان پێگەیشت.

عیزەددین مستەفا ڕەسوڵ نووسەر و ئەکادیمیست و خاوەنی خەرمانێک لە کتێب و توێژینەوەی ئەکادیمی و کاری ڕوناکبیریە کە لە پێشەنگی ئەو قوتابییە کوردانەبوو کە لە دەرەوەی وڵات خوێندنی تەواو کرد و دواتر لە زانکۆکانی کوردستاندا چەندین قوتابی پێگەیاندووە و سەرپەرشتی دەیان تێز و نامەی زانستی کردووە. دکتۆر عیزەددین لەگەڵ ئەوەی ئەکادیمیستێکی گەورە بوو، دڵسۆز و پەرۆشی بۆ نەتەوە و نیشتمانەکەی لە تڕۆپکدا بوو و هەمیشە لە هەر شوێن و پێگەیەکدا بووبێت لە بیری دۆزی ڕەوای گەلەکەیدا بووە و چەمکی زانستی و نیشتمانپەروەری لە خوێدا کۆکردبۆوە. بەم بۆنە خەمناکەوە، پرسە و ماتەمینی خۆمان ڕادەگەیەنین و خۆمان بە هاوخەمی بنەماڵەی نووسەران و ئەکادیمیستان و دۆستانی دەزانین و گیانی ئارام.

**وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان**

# ڕێورەسمێن جەژنا جەمایێ ل پەرستگەها لالش دهێتە گێران



**خەبات ـ ئالان شەهاب:** لوقمان سلێمان بەرپرسێ نڤیسینگەها پەرستگەها لالش ب ڕۆژناما خەبات ڕاگەهاند جەژنا جەمایێ ئێک جەژنێن هەرە مەزن یێن ئێزدیایە بۆ ماوێ حەفت ڕۆژا دێ ڕێورەسمێن ئایینی هێن گێران ل پەرستگەها لالش ڕۆژانە ل دانێ ئیڤاری ڕێورەسمێن سەمایێ دهێت گێران ڕۆژانە بەیتا سبێ و ئیڤاری دهێت گوتن د هەردوو دانێن ڕۆژێ گوڤەندا دەرێ کانیێ دهێت گێران چ کەسێ بهێتە پەرستگەها لالش دەسپێکێ دێ خۆ پێخاز کەت سەر پرێ بوریت هەتا دگەهیتە حەودێن کانیا سپی دەستێن خۆ ب ئاڤا وان کانیا شوت دێ بەرێ خودەتە لالش خۆ بەرهەڤ کەت د بهشداریا ڕێورەسمێن ئایینی، ناڤهاتی خویاکر ڕێکەفتی7/10/2019 دێ دەست ب ڕێورەسمێن جەژنا جەمایێ هات کرن ئێکەم ڕێورەسمن کێشانا سەمایێ یە پشتی ڕۆژ ئاڤابیت ئەڤ سال میر بلند کورێ میرێ ئێزدیان دێ سەرپەرشتیا ڕێورەسمێن ئایینی کەت ل پەرستگەها لالش ، ئەڤ سال جەژنا جەمایێ دێ ب شێوەیەک جیاواز بیت ژبەرکۆ ئەو جهێن ئایینی یێن کەڤنار د ئەڤ سال دا سیمایەک جوان دایە پەرستگەهێ ئەو جھ هەموو هاتینە نوێژەنکرن لدوڤ شێوازەکێ کەڤنار ب بەرێ کەڤن ئەو مەزارێن ب سەناهی خەلک نەدگەهشتێ بۆ ئەدانکرنا ڕێورەسمێن ئایینی نها ئەو مەزار نوێژەنکرینە جهێ هاتن و چونێ خوشکرینە ،دهێنە پێشبینی ژی کۆ ئەڤ سال150 هزار کەسا سەردانا پەرستگەها لالش بکەن، ناڤهاتی گوت ئەو کەسێن سەردانا پەرستگەها لالش دکەن ڤان ڕێنمایا پێتڤی یە بکاربینن بەرکرنا جلوبەرگێن بێ ستارە بو ناڤ پەرستگەهێ هات قەدەغەکرن و چوونا وان کەسێن سەردانا پەرستگەها لالش دکەت پێتڤیە بەری بچنە سنورێ پەرستگەهێ پێلاڤ بهێن دانان و ئەو کەسێن جلوبەرگێن ڕەنگێ شین بکەتە بەرخۆ بچیتە پەرستگەها لالش ڕێک بۆ وی ناهێت دان و هەموو ئامیرێن موزیکێ هاتن قەدەغەکرن ب هیچ شێوەیەکی چێنابیت دەنگێ موزیکێ بهێت و ئەو گەنجێن سنێلە و یێ ژیێ سەر سنێلەی دا پێتڤیە دگەل.

## مێژوویەک بەبێ مرۆڤ لە ئارادا نییە، هەروەها مرۆڤی بێ مێژووش بوونێکی نییە

# کاریگەری رەگەزەکانی سیستەمی ئایکۆلۆژی لەسەر چارەسەرکردنی کێشەو گرفتەکانی بەردەم ئیدارەدان





ئا: سەردار حوسێن

ناکرێ قسە لەسەر قەیرانەکان و شیکردنەوە بۆ ڕەهەندەکانی بکەین، بەبێ گەڕانەوە بۆ فاکتەرە ژینگەیی و ئایکۆلۆژییەکان دەستنیشانکردن و هەڵسەنگاندن لەگەڵیدا نەکەین، بۆیە لەرووی ئایکۆلۆژی و چوارچێوەو ئامانجەکانی تۆڕێنەوەدا، دەبێ لە سنووری قەوارەیەکی دیاریکراو زانیاری بەردەست و پێشنیاری پلان و ڕێککاری دەستنیشانکردن و کۆکردنەوەی بیرۆکەکان شیکردنەوەیاندا دەستپێ بکەین.

هەروەهاش دەبێ لەسەر بنەمای چەند کۆڵەگەیەکی سەرەکی ئیش بکەین، کە چۆنایەتی و چەندایەتی تەواومان بخاتە بەردەست، بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی ڕێکخراوی ڕێکوپێک بەکار بهێنرێت، هەوەک چۆن دەکرێ هەموو ئەو ئامانجانە فەراهەم بکرێن کە چۆنیەتی بەدەستهێنانی گەشەپێدان لە ڕێگەی سەرچاوە بەردەستە مادی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانەوە دروست دەبن و دەستبکرێت بە کۆکردنەوەی ئەو زانیارییانە بۆ بیناکردنی بنەمایەک لەسەر ئالیەتی کارکردن لەنێو خوودی قەوارە بە ئامانجگیراوەکەدا، هاوکات هێلکاری ڕێنوێنییەکانیش بۆ گەڕان بەدوای وەها تۆڕێنەوەک لەو بوارەدا دەبێ هەبن.

لەوەوە دەتوانین چوارچێوەی ئایکۆلۆژیەتی قەیرانەکە دەستنیشان بکەین، کە کۆمەڵگە یان قەوارە پێکدێت لە سێ پێکهاتەی سەرەکی: پێکهاتەی مرۆیی، کە بە پێکهاتەی ئەندامیی سەرەکی دادەنرێت، پێکهاتەی دروستکراو، کە بریتییە لە قەبارەی مادی و ئەو سەرچاوانەی پێکهاتە مرۆییەکە بەکاریان دێنێت، پێکهاتەی سرووشتی، کە پەیوەستە بە شوێنەکەو سەرچاوە پێویستەکان بۆ پاراستنی هەردوو پێکهاتەی پێشتر.

داواکار (باسمە ناظم مال اللە) داوای ژمارە (٢٠٩٨/ب/٢٠١٩)ی لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرتان، بە پابەندکردنت بە گەرِاندنەوەی برِی پارەی (٢,٦٠٠,٠٠٠) دینار وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری (خەبات/کۆمەڵگای کانی قرژاڵە) لە ٢٠١٩/٩/٨ بۆیە ئەم دادگایە برِیاریدا بە پێراگەیاندنت لە ریگای دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردرم ئەم دادگایە بۆ رۆژی دادبینی (٢٠١٩/١٠/٢٤) کاتژمێر ٩ی بەیانی بە پێچەوانەوە دادبینی بە پاشملە ئەنجام دەدرێت.
دادوەر/محمد بهاءالدین عبدالله
***
دادگای باری کەسی هەولێر/٣
ژمارە: ٤٧٧٤/ش/٢٠١٩
ریکەوت: ٢٠١٩/١٠/٧
جارِدان
بۆ/داوالێکراو (ادهم حمید صالح)
شوێنی دانیشتنت نادیارە
داواکار(افراح عبدالله حمید) لەم دادگایە داوایەکی لەسەرت تۆمارکردووە بە ژمارە (٤٧٧٤/ش/٢٠١٩) تیایدا داوای (جیابوونەوە) دەکات، وەلەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی نووسراوی اشعاری موختاری (هەولێر-گەرِەکی ٩٤ گوڵان) بۆیە دادگا برِیاریدا بە پێراگەیاندنت بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆو رۆژانە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەم دادگایە لە رۆژی دادبینی (٢٠١٩/١١/١٤) بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت بە شێوەی ئاشکراو پاشملە.
دادوەر/صباح قادر کاملا
***
دادگای تاوانی هەولێر/١
ژمارە: ٣٣١/ج/٢٠١٩
ریکەوت: ٢٠١٩/١٠/١
بۆ تۆمەتبارانی هەلاتوو/ حسن عدنان نوری و علی عیسی شریف
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی ئێوە تۆمەتبارن بەپێی مادەی ٤٤٢ لەیاسای سزادان و سەلماندنی هەلاتنتان وە نادیاری جێگاکەتان لە کاتی ئێستادا بۆیە بریاردرا پاڵپشت بەمادەی ١٤٣ لەیاسای بنەما دادگاییەکانی سزایی بەپێراگەیاندنتان لە دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە بۆ ئامادەبوونتان لەبەردەم دادگای تاوانی یەکەم لە هەولێر لەرۆژی ٢٠١٩/١٢/٣٠ وە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێن بەشێوەی پاشملە/ غیابی بەپێی یاسا.
سەرۆک/ عبدالباسط عبدالله فرهادی
***
دادگای تاوانی هەولێر/١
ژمارە: ٣٣٣/ج/٢٠١٩
ریکەوت: ٢٠١٩/١٠/١
بۆ تۆمەتباری هەلاتوو/ هاوری مؤید محمد
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی تۆ تۆمەتباری بەپێی مادەی ٣١/٤٤٣ لەیاسای سزا و سەلماندنی هەلاتنت وە نادیاری جێگاکەت لە کاتی ئێستادا بۆیە بریاردرا پاڵپشت بەمادەی ١٤٣ لەیاسای بنەما دادگاییەکانی سزایی بەپێراگەیاندنت لە دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە بۆ ئامادەبوونت لەبەردەم دادگای تاوانی یەکەم لە هەولێر لەرۆژی ٢٠١٩/١٢/٣٠ وە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێن بەشێوەی پاشملە/ غیابی بەپێی یاسا.
سەرۆک/ عبدالباسط عبدالله فرهادی
***
دادگای تاوانی هەولێر/١
ژمارە: ٣٢٩/ج/٢٠١٩
ریکەوت: ٢٠١٩/١٠/١
بۆ تۆمەتبارانی هەلاتوو/ هوشنگ فخرالدین رمضان و خالد فخرالدین رمضان و الاء فرحان عثمان و رودی فخرالدین رمضان
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی ئێوە تۆمەتبارن بەپێی مادەی ٤٢١ لەیاسای سزادان و سەلماندنی هەلاتنتان وە نادیاری جێگاکەتان لە کاتی ئێستادا بۆیە بریاردرا پاڵپشت بەمادەی ١٤٣ لەیاسای بنەما دادگاییەکانی سزایی بەپێراگەیاندنتان لە دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە بۆ ئامادەبوونتان لەبەردەم دادگای تاوانی یەکەم لە هەولێر لەرۆژی ٢٠١٩/١٢/٢٣ وە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێن بەشێوەی پاشملە/ غیابی بەپێی یاسا.
سەرۆک/ عبدالباسط عبدالله فرهادی
***
دادگای تاوانی هەولێر/١
ژمارە: ٣٣٠/ج/٢٠١٩
ریکەوت: ٢٠١٩/١٠/١
بۆ تۆمەتباری هەلاتوو/ عزیز موفق ابوبکر
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی تۆ تۆمەتباری بەپێی مادەی ٤٥٢ لەیاسای سزا و سەلماندنی هەلاتنت وە نادیاری جێگاکەت لە کاتی ئێستادا بۆیە بریاردرا پاڵپشت بەمادەی ١٤٣ لەیاسای بنەما دادگاییەکانی سزایی بەپێراگەیاندنت لە دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە بۆ ئامادەبوونت لەبەردەم دادگای تاوانی یەکەم لە هەولێر لەرۆژی ٢٠١٩/١٢/٣٠ وە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێن بەشێوەی پاشملە/ غیابی بەپێی یاسا.
سەرۆک/ عبدالباسط عبدالله فرهادی
***
دادگای تاوانی هەولێر/١
ژمارە: ١٤٤/ت/ ٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/٩/٢٦
بۆ تۆمەتباری هەلاتوو: محمد مصطفی حمدامین
ئاگادارکردنەوە
لەبەرئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە مادەی/١٤٣ لە یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی، دادگاکەمان بریاریدا لە ریگای رۆژنامەی ناوخۆی رۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە کاتژمێر (٩)ی بەیانی لە بەرواری ٢٠١٩/١١/٢٦ بەمەبەستی دادگایی کردنت بەپێی مادەی یاسایی (٧ ژمارە ٨ی ساڵی ٢٠١١) بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.
دادوەری یەکەم/ گیلانی أحمد محمدامین
***
دادگای کەتنی هەولێر/١
ژمارە: ٨٧٥/ك/١/ ٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/٩/٣٠
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو: هەڤال شوکت توفیق
ئاگادارکردنەوە
لەبەرئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە مادەی/١٤٣ لە یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی، دادگاکەمان بریاریدا لە ریگای رۆژنامەی ناوخۆی رۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە کاتژمێر (٩)ی بەیانی لە بەرواری ٢٠١٩/١٢/١ بەمەبەستی دادگایی کردنت بەپێی مادەی یاسایی (٤٥٩) لە یاسای (سزاکان)، بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.
دادوەری یەکەم/ گیلانی أحمد محمدامین
***
دادگای کەتنی هەولێر/٣
ژمارە/٤٧٩/ك/٣/٢٠١٨
ریکەوت/ ٢٠١٩/٩/٣٠
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ امین احمد خلیل
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بۆیە بە پشت بەستن بە مادەی /١٤٣ لە یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی. دادگاکەمان بریاری دا لە ریگای رۆژنامەی ناوخۆی رۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر (٩) لە بەرواری ٢٠١٩/١١/١٣ بە مەبەستی دادگایی کردنت بە پێی مادەی (٤٥٦) لە یاسای (سزا) بە پێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.
دادوەر/ بهزاد جهاد فائق
***
دادگای کەتنی خەبات
ژمارە/ ١٠١/ك/٢٠١٩
ریکەوت/ ٢٠١٩/١٠/٦
بۆ تەمەتباری هەڵاتوو/ سنار خان اودل جوهر
ئاگادارکردنەوە بە بریاری حوکم
لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێ بوونت دوای ئەوەی دادگاکەمان بەشێوەی پاشملە تۆمەتباری دادگایی کردی بەپێی مادە ٤٥٦ لەیاسای سزادان بریاریدا حپس کردنی تۆمەتبار بۆ ماوەی ١ یەك ساڵ بۆیە دادگاکەمان بریاری دا بە ئاگەدارکردنەوەت لەریگەی دوو رۆژنامەی فەرمی ناوخۆیی رۆژانە وە مافی تانەدانت هەیە لەماوەی یاسایی دیاری کراو بەپێی مادەی ١٤٣ لە یاسای بنەمای سزایی بەپێچەوانەوە بریارەکە حوکمی رووبەرووی ئەبێت.
دادوەر/ سمکۆ رۆستم سمین
***
دادگای کەتنی خەبات
ژمارە/ ٥٧/ك/٢٠١٩
ریکەوت/ ٢٠١٩/١٠/٦
بۆ تەمەتباری هەڵاتوو/ طه ابراهیم طه
ئاگادارکردنەوە بە بریاری حوکم
لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێ بوونت دوای ئەوەی دادگاکەمان بەشێوەی پاشملە تۆمەتباری دادگایی کردی بەپێی مادە ٢٣ لەیاسای هاتوچۆ بریاریدا بە حپس کردنی تۆمەتبار بۆ ماوەی ٦ شەش مانگ بۆیە دادگاکەمان بریاری دا بە ئاگەدارکردنەوەت لەریگەی دوو رۆژنامەی فەرمی ناوخۆیی رۆژانە وە مافی تانەدانت هەیە لەماوەی یاسایی دیاری کراو بەپێی مادەی ١٤٣ لە یاسای بنەمای سزایی بەپێچەوانەوە بریارەکە حوکمی رووبەرووی ئەبێت.
دادوەر/ سمکۆ رۆستم سمین
***


DNO
EST - 1971

| | |
|---|---|
| Job Title | Senior Laboratory Technician |
| Work Location | Peshkabir |

**Additional Details and requirements**

Duties:
- Over all in charge for PSK Laboratory
- Review lab facility and equipment to identify any gaps, specifically any long lead equipment that needs to be ordered.
- Oversee and execute routine and non-routine analytics and maintenance of the lab equipment.
- Implement and / or initiate non-routine lab studies relating to the continuous improvement of plant operations and products.
- Ensure the design and implementation of the storage areas (lab chemicals, spare parts, samples…) are adequate
- Ensure all necessary sampling equipment will be provided (pressure bottles, sealed bottles, sampling points, connectors…) and ensure sampling program can be fulfilled
- Prepare the procedures related to laboratory (analyses standards, sampling, wastes…) as per company standards.
- Responsible for conducting laboratory analysis for Gas sweetening, Gas dehydration (H2S, CO2, water content in Lean and Rich EG and Foaming characteristics, Degradation products of Amine and EG, Water treatment unit quality control etc.….)
- Understand and keep current with all laboratory safety and reporting techniques.
- Responsible for the maintenance and calibration of laboratory equipment.
- Record and report all analysis results in a timely and accurate manner
- Responsible to define the laboratory chemicals and consumables
- Maintains records of chemicals, glassware, spares and other miscellaneous materials. Controls lab consumables store and is responsible for maintaining stocks.
- Maintains a high level of housekeeping in the laboratory and ensures all wastes are disposed of in an appropriate manner.
- Responsible for training National Technician

**Required Qualifications & Experience:**
- Minimum of B.Sc. Chemistry, B. Eng. in Chemical/Processing Engineer, B.Sc. Science Lab Tech
- 10 years Working experience in Oil/Gas production facility laboratory analysis.
- Ability to understand ASTM standards and procedures.
- Must be able to work with all chemical, petroleum products.
- Excellent communication in English

**DNO Iraq AS**
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
**Org. no** 988 714 526 **Office** +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no

DNO
EST - 1971

| | |
|---|---|
| Job Title | Gas Plant Supervisor |
| Work Location | Peshkabir |

**Additional Details and requirements**

Duties:
- Ensures that operating procedures, HSSE policies are properly followed
- Ensures that Gas processing operations such as Inlet sour gas compression, Gas sweetening, Gas dew pointing, Gas dehydration, export compression, and high-pressure injection compressors are operating within the window.
- Ensure Gas export/Injection quality is maintained as per the specification.
- Ensure all support Utilities for the Gas processing facilities are operating within the window in order to safely meet the performance specification
- Troubleshoots all problems related to Gas Processing Facilities, organizes and follows-up corrective actions where needed.
- Ensure sampling and testing are performed according to planning.
- Coordinate with upstream and downstream facilities (PSK oil plant & Tawke gas injection process plant)
- Developing and implementing operational procedures and continuous improvement programs to propel the achievement of Gas processing goals
- Identifying bottlenecks and establishing new processes to increase efficiency of process and follow the SIMOPS
- Daily process reports and maintain accuracy in the report
- Maintains work flow by monitoring steps of the process; setting processing variables; observing control points and equipment; monitoring personnel and resources; studying methods; developing reporting facilitating corrections to malfunctions within process control points; initiating and nurturing a spirit of cooperation within and between departments.

**Required Qualifications & Experience:**
- Engineering Degree holder (In Petroleum, Process, Chemical, Mechanical engineering) with 5yrs experience in relevant field with good knowledge in DCS and SCADA systems
- Diploma holder in above mentioned subjects and minimum 10yrs experience with good knowledge in DCS and SCADA systems
- Graduation in Science and 15yrs experience with good knowledge in DCS and SCADA systems
- Knowledge in JGK-2 Ariel reciprocating compressors and Caterpillar driver is an advantage
- Other: (preferences) Reporting Skills, permit to work system skills
- Excellent communication skill in English

**DNO Iraq AS**
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
**Org. no** 988 714 526 **Office** +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no

# خۆپیشاندانەکانی عێراق و چەند قسەیەک





**سابیر حوسێن**

ئەوە روون بۆتەوە کەوا مێژووی پێکهاتنی دەوڵەتی عێراق، قەوارەیەکی بەزۆر بەیەکەوە لکێنراوە، ئەو مێژووە بەرهەمی داڕووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و سەرکەوتنی وڵاتە براوەکانی جەنگی یەکەمی جیهانە، بە دیاریکراویش عێراق بەپێی بەرژەوەندی دەوڵەتی بەریتانیای ئەوکاتەی سەرکەوتوو لەجەنگدا، لە سەرەوە بەبێ گوێدانە ئیرادەی دانیشتوانەکەی پێکهێنراوە و قەوارەی پێدراوە، بەم شێوەیە بونیادی دەوڵەتی عێراق، لەو ڕۆژەوە تا بە ئەمڕۆ دەگات لەژێر هەژموونی سیاسەتێکی ناجێگیر و لەرزۆکە .



**چاودێران لەو بڕوایەدان کە ئەم خۆپیشاندانانە ئەوەندەی سروشتی و بەمەبەستی داواکردنی چاکسازیکردنە، ئەوەندە پیلانگێڕی نییە وەک لە هەندێ سەرچاوەی سیاسی دووپات دەکرێتەوە**

## خۆپیشاندانەکانی عێراق و پیلانگێڕی جیهانی

لەدوای 2003ەوە عێراق لەژێر هەیمەنەتی حیزبی سیاسی ئاینگەرادایە، لەگەڵ هەر هەڵبژاردنێکیشدا سەدان بەڵێن بە گەلانی عێراق دەدرێ، کەچی هەر لەگەڵ کۆتایی هاتنی هەڵبژاردنەکان بەڵێنەکانیش دەبنە بڵقی سەر ئاو. لەم بارەوە ماڵپەڕی بی بی سی، لە ژێر ناونیشانی ( خۆپیشاندانەکانی عێراق و پیلانگێڕی جیهانی ) بابەتێکی بڵاو کردۆتەوە. لە ناوەڕۆکی ئەو بابەتە ئاماژە بە بەردەوامی خۆپیشاندان و ناڕەزایەتیەکانی گۆڕەپانی سیاسی عێراق کراوە کە ماوەی چەند ڕۆژێکە بە هەزاران نارازی ڕژاونەتە شەقامەکانی نزیک ناوچەی سەوز و هێزە ئەمنییەکانیش بەهەموو شێوەیەک لە دژیان وەستاونەتەوە. خۆپیشاندەران داوای چاکسازی ریشەیی دەکەن لە دژی گەندەڵی و بێکاری، کەچی بەدەیان کەس بوونەتە قوربانی و سەدانی دیکەش بریندار بوونە. چاودێران لەو بڕوایەدان کە ئەم خۆپیشاندانانە ئەوەندەی سروشتی و بەمەبەستی داواکردنی چاکسازیکردنە، ئەوەندە پیلانگێڕی نییە وەک لە هەندێ سەرچاوەی سیاسی دووپات دەکرێتەوە.


## مەترسییەکانی سەر عێراق

لێکۆڵەری سیاسی ناوداری سعودی عەبدولڕەحمان راشد لە ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت بابەتێکی لەژێر ناونیشانی ( مەترسییەکانی سەر عێراق) نوسیوە: تێبینی ئاماژە بە خاڵی هاوبەشی وڵاتانی لوبنان و سووریا و یەمەن دەکات کە ڕاستەوخۆ ئێران دەست لە کاروباری ناوخۆیان وەردەدات و بەردەوام هەوڵی ئەوە دەدات کەوا پەرە بە سیاسەتی فەوزا نانەوە بدات لەو وڵاتانەدا، ئەمەش لە دەرئەنجامی بۆشایی سیاسی دروست بووە. شۆێنگەی هەوڵکەوتەی عێراقیش ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ سەلماندنی ئەو حەقیقەتە چونکە هیچ کام لە دراوسێیەکانی ئەو دۆخە ئاڵۆزەیان پێ خۆش نییە جگە لە ئێران. لێکۆڵەری سیاسی ناوداری سعودی عەبدولڕەحمان راشد، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەمڕۆ عێراق لەبەردەم تاقیکردنەوەیەکی زەحمەتدایە و خۆپیشاندانەکان ئەگەرچی جەماوەرین، بەڵام ناتوانێ دۆخەکە وەک پێویست چاک بکاتەوە، بەڵکو هەڕەشەیە بۆسەر سەقامگیری خاکی عێراق و کەشی دەستێوەردان بۆ نەیاران فەراهەم دەکات.

بێگومان ڕەهەندە نیگەتیڤەکانی گەندەڵی هۆکاری ڕاستەوخۆی ئەو نارەزایەتیانەی گەلانی عێراقن، وڵاتێکی دەوڵەمەند بە سامانی سروشتی و کشتوکاڵ و ئاژەڵداری، کەچی ڕێژەی بێکاری ساڵ لە دوای ساڵ لە بەرزبوونەوەدایە، ئەم کارەساتانە لە دەرئەنجامی گەندەڵی دووچاری ئابووری وڵات بونەتەوە، چونکە هیچ گەندەڵیەک لەئارادا نییە کە داتەپینی ئابوری شانبەشانی نەروات. لەو ڕوانگەوەی هەموو پرۆژەکان بە هێڵی بەرتیلدان بەرێوە دەچن و ئیدی هەر کەموکوڕیەکیش ڕووبدات، ئەوە بەهۆی بەرتیلەوە چاوی لێ دەپۆشرێ، ئەمەش ڕاستەوخۆ کاریگەری دەبێت بەسەر کایەکانی ئابووری لە وڵات و دووچاری داتەپینی دەکات.

## خۆپیشاندانەکانی عێراق.. مەیلی هەژارەکانە یان شۆڕشی گۆڕانکاری؟

تووڕەبوونی شەقامی عێراق لە حکومەت و سیاسییەکانە، کە زۆر بەلێنیان دا و جێبەجێیان نەکرد و دۆخی عێراقیش هەر بەرەو خراپتر ڕۆیشت. خۆپیشاندانەکانی ئەمجارە بەوە لە خۆپیشاندانەکانی پێشوتر جیادەکرێنەوە، کە ئەم خۆپیشاندانانە بەبێ پێشەکی و بەبێ هیچ ئاماژەیەکی پێشوەختە تەقینەوە و هەموو چین و تۆێژەکانی عێراقیش تێیدا بەشدارن. هەموو خۆپیشاندەرانیش تووڕەیی زۆریان لەبەرامبەر سیاسییە بێ بەڵێنەکانی عێراق هەیە ،کە وڵاتیان بەرەو داڕمان و هەرەسهێنان بردووە و تەنها لەسەر بەرژەوەندی تەسکی سیاسی و تایبەتی و پۆست و پلە و پایە شەڕیانە و کەس خەمی گەلانی عێراقی لەبەرچاو نییە.



## پێناسەی وڵاتان

# تایوان

ناوی فەرمی: کۆماری چین.
کیشوەر: ئاسیا.
پێگەی جوگرافی: دوورگەیەکە دەکەوێتە دووری 161 کیلۆمەتر لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا لە زەریای هێمن.
سیستم: کۆماری.
پایتەخت: تایپێ.
ڕووبەر: 35.980 کیلۆمەتر دووجا .
ژمارەی دانیشتوان: 21.908.135 کەس.
ئاین: بوزی ، تایوانی ، کرستیان.
دراو: دۆلاری تازەی تایوانی.
زمان: چینی ( ماندرین ).

## ئەمڕۆ لە مێژوودا



**سالی 1912:**
جەنگی یەکەمی بەلقان لە نێوان دەوڵەتی عوسمانی و سربیا و بولگاریا بەرپا بوو .



**سالی 1917:**
لە شاری پیترۆگراد ، لینۆن تڕۆتسکی بە سەرۆکی ئەنجوومەنی سۆڤیەت هەڵبژێردرا .



**سالی 1939:**
لە جەنگی دووەمی جیهاندا ئەڵمانیا پۆڵەندای داگیر کرد.



**سالی 1967:**
لە پۆلیڤیا چێ گیڤارا و یاریدەدەرانی دەستگیر کران .



**سالی 2012:**
لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ڤەنزویلا ، هۆگۆ چاڤێز سەرکەوتنی وەدەست هێنا .



**سالی 2018:**
دوو زانای ئەمەریکی پۆل ڕۆمر و ولیام نۆردهاوس خەڵاتی نۆبڵ لە زانستی ئابووریان وەدەست هێنا .

www.xebat.net
سێ شەممە 2019/10/8 ژمارە (5844)
خەبات




# خۆپیشاندانی شیعی و خۆپیشاندانی سوننی..

## وێنەیەک لەقۆناغی رابردوودا



**ئەیوب جەلال ماوانی**

کلتووری خۆنیشاندان لە عێراقی بەدەوڵەتکراودا،زادەی ماوەی حوکمی ئینتدابی بەریتانیایە بەسەر عێراقەوە، پێشتر شتێک نەبوە بچێتە ناو چوارچێوەی مەفهومی خۆپیشاندانەکانی ئەو سەردەمە ، دروشمێکی بۆ هێنانەدی ئامانجێکی ئاشتیانە بە شێوە مۆدێرن و زانستییەکەی هەڵگرتبێت ، تاکی خۆپیشاندەر لە ئینتمای نیشتمانی خۆیەوە پێش جێگیربوونی داواکارییە ڕەواکانی پارێزگاری لە مالّ و مولّکی هاونیشتمانیان و دامەزراوە گشتییەکانی دەوڵەت بکات. ئینگلیزەکان دوای گرتنی عێراق لە ئاداری 1917دوای ماوەیەک بەپێشنیاری حاکم ویلسۆن ،هاتنە سەر ئەو ڕایەی ڕاپرسیەک لەنێو شارەکانی ئەوسای عێراق ئەنجام بدەن بەوەی کە ئایا دەیانەوێت حوکمی خۆڕێبەری خۆیان هەبێت یاخود لە ژێر ماندانی ڕاستەوخۆی بەریتانیا دەمێننەوە؟

ئەوپێشهاتە یەکەم جار بوو لە میژووی میزۆپۆتامیا بە خەڵکەکەی بوترێت تۆ چ حوکمێک هەڵدەبژێری؟!! هەتا دەرەنگانێک خەڵکی شارەکان بڕوایان نەدەکرد پێیان وابوو ئەمە فێڵێکی ئینگلیزەکانە بۆ ئەوەی دۆست و نەیارەکانیانی پێ ئاشرا بکەن،لە کۆنگرەی قاهیرەش کەئەوکات سێر برسی کۆکس مەندوبی سامی بوو بە شێخەکانی شاری عمارەی گوت،چ حوکمێکتان دەوێت؟ وتیان (اللە ولینا ،محمدنبینا ،کوکس حاکمنا ) سەرهەڵدانی دوو ئاراستەی جیاواز و ناکۆک بەیەک بۆ ئەم مەسەلە تازە و گرنگە هەروا بەئاسانی شوێنی نەگرت ،بەریتانیای گەورە و خەڵکی عێراق کە بە قسەی ویلسۆن هێشتا پێویستیان بە سەد ساڵی تر هەیە بۆ ئەوەی هونەری حوکمڕانی تەندروست فێربن ،لەژێر ڕۆشنایی پلانی حکومەتەکەی بەناوی (رسالە الرجل الابیض لتمدن الشعوب) پڕۆژەکە سەرلەبەری ڕووبەڕووی واقعێک هاتەوە دەرهاویشتەکانی بۆ ڕۆژی ئەمڕۆشمان بە بەربلاوی ماون ،دامەزراندنی مەجلیسی تەئسیسی ،بۆ مەبەستی ڕێککەوتنێک ،لەنێوان حکومەتی ئەوکاتی کابینەکەی عەبدولرەحمان نەقیب وحکومەتی شاهانەی بەریتانیا بۆ دیاریکردنی ماوەی مانەوەیان بە دەرکردنی سەرجەم هێزەکانی عوسمانی و ڕوس .ئالۆزی و گۆڕانکاری زۆری بەخۆوە بینی بە گوشاری ڕاستەوخۆی برسی دۆبس کەلە شوێنی کۆکس دەست بەکار بوو بۆ سەر مەلیک فەیسەلی یەکەم ، مەعاهەدەکە واژۆ کرا و دواجار ساڵی 1932عێراق سەربەخۆیی تەواوی وەرگرت.بەهێزترین بەربەست بۆ هەردوو حوکمی خەلافەتی عوسمانی و ئیمپراتۆریای بەریتانیا ، کە سەردەمانێکی زۆر عێراقیان حوکم کردووە، کێشەی ئەزەلی عەشائیرەکان و فەتوای موجتەهیدینی شیعەکان بوو کە هەمیشە خۆیان لە کاروباری سیاسیەوە هەڵدەقورتاند ، کەم والی عوسمانی هەبوە هەڵچونی عەشائیرەکان نەبوبێتە هۆی لادانی چونکە پێی دانەدەمرکانەوە و ڕام نەدەکران،ئینگلیزەکان ،کاتێ لە یەکێک لەو عەشیرەتانە نزیک دەبونەوە ،یەکسەر ئەوانی دی ئالای بەرەنگاریان بەرز دەکردەوە،بڕیاری چارەنوسساز لە دەماری قەناعەتی ئەوانەوە دەردەچو. ئەو دۆخە جێگیرە بەهۆی ئەو بڕە ئازادیە سەری کێشایەوە خەڵکەکە بۆ داواکردنی مافەکانیان ،قالبێکی مەزهەبی سواخدراو بە دونیابینی کۆچەری بکەنە دواخالّی ڕێکەوتن ،نەخاسمە لە چارەسەرکردنی کێشەی سنوری نێوان عێراق و سعودیە . ساڵی 1922 دوای پەلامارداندە خوێناویەکانی وەهابییەکان بۆ سەر شاری کەربەلا و نەجەف و قەتڵ و عامکردنی دانیشتوانەکەی لەگەڵ بێ ڕێزی و ئەتەکردنی شوێنەئایینیە پیرۆزەکانی شیعەکان لە سەردەمی عوسمانیەکان ،دووبارەبونەوەی لەکاتی دەسەلاتی ئینگلیزەکان بەکوشتنی ئەو هۆزە کۆچەریانەی لەسەر سنور دەژیان .سروشتی خۆپیشاندانەکان بە هەرچی بیانویەک بووبێت کەسی هەڵچوی تاستی گێرەشێوێنی پاڵ پێوەناوە و گەڕاندویەتیەوە بۆ سەرپێکهاتەی خۆڕسکی خۆی ، ژینگە و ئەو ڕای گشتیەی دروستی دەکات بە کەمترین تێچوو گشت ڕێگاکان حەڵاڵ دەکات .لە کاردانەوەی گیرانی کەسێک لەلایەن ئینگلیزەکانەوە بەهۆی شیعرێک بۆنی فیتنە و شەڕی لێوە دەهات ،خەڵکەکە بە وروژاندنی نەخوەی پیاوەتی بە دروشمی (یامحمد دین دین)ڕژانە سەر شەقام وخۆپیشاندانیان کرد لەهەمان وەختیشدا دەستیان بەو دوکان و کۆگایانە دادەهێنا کەپێیدا دەڕۆیشتن بەتایبەت ئەوانەی مولّکی مەسیحی و یەهودییەکان بوون بەم جۆرە خۆپیشاندان تا سەردەمی بەعس لە جوغی ناسروشتی خۆی مایەوە،لە سەردەمی بەعس خۆپیشاندان تەنها بۆ بەیعەتی 99% سەرۆکی خودی ڕژێمەکە بوون.عێراقی پاش 2003 شێوازی خۆپێشاندانی گەڕاندەوە سەر ئەسڵە دەمار مەزهەبیەکەی خۆی ،هەموو لایەک لەسەر هەق بوون،هەقێک بە تاڵانکردن و کوشتنی بەرابەرەکەی دەگەیشتە مەبەست،لەو بەروارەوە لەگەڵ مافە سروشتیەکەی خۆپیشاندانی چین وتوێژەکانی کۆمەڵگا بەڵام بە قەراری قەتعی نەگەیوەتە ڕوخسارە مەدەنیەکەی دەوڵەتانی تر، سەروەختانێک لایەنگرانی سەدری کورِ،لەپاش شکستی چەکداریان بەرامبەر ئەمەریکا پەنایان بۆ خۆنیشاندانی ملیۆنی دەبرد لە بەراییدا بەهێواشی دواتر کە گوێیان لێ دەگیرا چونە ناو هۆڵی پەرلەمان وخەریک بوو داروبەردی بۆ تفەڕک بەرن ،لەگەڵ خۆپیشاندانەکانی ئێستای عێراق گەشتێکی خێزانی شکۆداراە چونکە ئەوەی لەو خۆپیشاندانە مۆرک سوننیە بینراوە کوژراوی شەهید و بریندار هەیە ،تالانی فەرهود ئاراستەکەی گۆڕیوە.بڕواکردنی ئامانجەکانی مەنتیقی نابن ئەگەر هەڵقەندنی کۆمپڕیسەری سپلیتی بیناکان و بۆمبی مۆلۆتۆڤ بە ڕەوا بزانین و خۆپیشاندەری ئاشتیخوازی دژی گەندەڵی و نەبوونی هەڵی کار و دامەزراندن بەکاری بهێنن!!!مرۆڤی هاوڵاتی هەمبەر مرۆڤی دەسەڵاتدار خۆی پیشان دەدات ،ئەویش لابچێت حوکمڕانی پاش ئەو کاتێکی کورتی دەوێت ڕەفتارەکانی پێشووی خۆی دووبارە بکاتەوە...سەدریەکان کە بە هەینیەکان ناسراون نەهاتونەتە ناو خۆپیشاندەران لەبەر ئەوەی ڕەنگی سوننی بوونی داواکانی پێوە دیارە،لێ داوای هەڵوەشانەوەی حکومەت و هەڵبژاردنی بەڕووخەتە دەکەن.هەریەکێک پێی وابێت خزمەتگوزاری بە تێکدانی بالەخانە و ئاگرتێبەردانی شوێنە گشتیەکان بەدەست دێت وهەمێکە لەجیاتی چەسپاندنی داخوازیەکان تەبیعەتی شەڕانگێزانەی مرۆڤ پتر گەشەپێ دەدات تا وای لێدێت بەهیچ شتێک ڕازی نابێت .حکومەتەکەش بگۆڕێت و بەدرێژایی تەمەن لەناو پڕۆسەی هەڵبژاردندا تەسبیحاتی قایلبوون بکات مادام عەقڵی پێشکەشکردنی داواکاریەکانی نەگۆڕێت بارودۆخەکە خراپتر دەبێت، باشتر نابێت.گرفان یەکێک لەپێشڕەوانی خۆپیشاندەران هاتە سەرحوکم و ئیدارەی ولاتێکی وهها شێواوی گرتەدەست زەمانەت دەدات ، خۆپیشاندەری سەرسەختی لێ پەیدا نەبێت و داوای لەسەرکارلاچونی نەکات؟ ئەویش ئەو هێزە بەکار نەهێنێت کەلە سەردەمانێک لە دژی ئەو بەکارهاتوە ، ئەوجار ئەو دەبێتە دیکتاتۆر و ئەوی دی زوڵملێکراو و لە شەو و ڕۆژێکدا بابای نیشتمان پەروەر بۆ غەوغایی یەکی بێ کەڵک تەحویل دەبێت پێچەوانەکەشی هەرڕاست دەردەچێت.ئێمە تەنها دیوە سیاسیەکە دەبینێ و دیوە کۆمەڵایەتیەکەمان فەرامۆش کردوە.بێ ئاگا لەوەی کاریگەری ڕەگەزە کۆمەڵایەتیەکان ڕەنگی گشت هاوکێشە جیاوازەکان دەکات و بەڕێوەیان دەبات.

## مانشێت



**سکای نیوز:**
بۆریس جۆنسۆنی سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە بە سەرۆکی فەرەنسای ڕاگەیاندوە کە وڵاتەکەی ئامادە نییە ڕێکەوتی چوونە دەرەوەی بەریتانیا لە یەکێتی ئەورووپا دوا بخات .



**ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:**
کۆشکی سپی ڕایگەیاند کە هێزەکانی ئەمەریکا چیتر لەسەر سنووری نێوان تورکیا و سووریا نامێننەوە ، هەروەها پشتگیریش لەو هەڵمەتە سەربازیە ناکەن کە تورکیا بەنیازە لە ناوچەکە ئەنجامی بدات .



**ئەی ئێف پی:**
لە یانەیەکی شاری کێنساسی ناوەڕاستی ئەمەریکا شەڕ لە نێوان ژمارەیەک کەس بەڕپا بوو و دوای تەقەکردن چوار کەس کوژران و پێنجی دیکە بریندار بوون .



**ئیلاف :**
لە هەڵبژاردنی پەرلەمانیی کۆستۆڤۆ ، باڵی ئۆپۆزسیۆن توانی سەرکەوتن وەدەست بێنێ و کۆتایی بە دەسەڵاتی هەردووک پارتە سەرەکیەکەی وڵات بێنێ .




**دۆیچە ڤیلە:**
وەزیری ناوخۆی ئەڵمانیا ڕایگەیاند کە بەهۆی زیادبوونی ژمارەی پەنابەران لە دوورگەکانی یۆنان ، دوور نیە لافاوێکی گەورەی پەنابەران ڕوو بکاتە وڵاتانی ئەورووپا .



**کەنالّی ئار تی :**
پۆلیسی فەرەنسا لە چەند شارێک ، ژمارەیەک لەو ئێلەگ زەردانەی دەستگیر کرد کە بەشداریان لە خۆپیشاندانەکانی شەمەی ڕابردوو کردبوو .

## کاریکاتێر



www.xebat.net
سێ شەممە 2019/10/8 ژمارە (5844)
خەبات



# بۆ خاوەن باخەکان نیشانەکانی نەخۆشیی تەنۆکەی سپی لەسەر دارمێو بناسە

نەخۆشیی تەنۆکەی سپی لەسەر دار مێو (تری) زۆر زیان بەخشە، تووشیی داری مێو دێت لە کەشوهەوای گەرم و شێداردا، نیشانەکان لەسەر گەڵادا لە شێوەی پەڵەی وشکی زەیتی دەردەکەوێت کە بە بازنەیەکی زەرد دەور دراوە لە کۆتایدا دەبێتە هۆی وەرینی گەڵاکە. لە هەمانکاتدا گەڵا تازەکان رەنگییان سپی دەبێت بەهۆی گەشەی میکرۆبەکان، هەروەها هیشوە گوڵەکان دووچاری ئەو نەخۆشییە دێن، دوای توشبوون رەنگییان بۆ قاوەیی دەگۆڕێت و لە کۆتاییدا وشک دەبێت و دەکەوێت.

بەرزی پلەی گەرمی و هەبوونی شێ گرنگترین هۆکارن بۆ توشبوون بە تەنۆکەی سپی بە تایبەتی ئەگەر نزمترین پلەی گەرمی گەیشتە 11 پلەی سەدی.

باشترین چارەسەر بۆ تەنۆکەی سپی ئەنجامدانی کرداری هەواگۆڕکێ و لێکردنەوەی گەڵا توشبووەکانی وەرزی رابردووە. هەروەها دەکرێت یەکێ لە قۆکەرەکان بەکار بێت کە ماددەی میتالاکسینی تێدایە.



# کاریگەری نەخواردنی گۆشتی سوور لەسەر تەندروستی سنووردارە

ژمارەیەک لە زانایانی هەردوو زانکۆی کەنەدی (دلهاوزی و ماکمستر) گەیشتنە ئەو راستییەی: مرۆڤ دەتوانێت هەمان بڕی کە لەسەری راهاتووە لە گوشتی سوور و بە پێشەسازی کراو بخوات بێ ئەوەی بترسێت لە زیانە تەندروستییەکانی.

ئەو زانایانە ئاشکرای دەکەن کەمکردنەوەی خواردنی گۆشتی سوور و ئەو ماددە خۆراکییانە کاریگەری زۆر کەمی لەسەر تەندروستیی مرۆڤ دەبێت.

شارەزایانی خۆراک بۆ ماوەیەکی درێژە بانگەشەی کەم خواردنی گۆشتی سوور دەکەن بەهۆی هەبوونی بڕێک لە ڕۆنی تێر لە پێکهاتەکەیدا کە هۆکارە بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی کۆلیسترۆڵی خوێن و دەبێتە هۆی جەڵتەی دڵ، لە هەمانکاتدا خواردنی گۆشتی سوور و بە پیشەسازیکراو بەردەوام بە نەخۆشیی شێرپەنجە دەبەسترێتەوە.

چەند شارەزایەک کە ژمارەیان دەگەیشتە 14 شارەزا پێنج پێداچوونەوەیان بۆ چەند لێکۆڵینەوەیەکی پێشووتر ئەنجام دا لەسەر پەیوەندی لە نێوان بەکارهێنانی گۆشتی سوور و بە پیشەسازکراو و کاریگەرییە جۆراوجۆرەکانیان لەسەر تەندروستیی مرۆڤ ، لە کۆتایدا گەیشتنە ئەو ڕاستییەی کە کاریگەری خواردنی گۆشتیی سوور و گۆشتی بە پیشەسازیکراو لەسەر توشبوون بە نەخۆشییەکانی دڵ و نەخۆشییەکانی خوێنبەرەکان و نەخۆشیی شەکرە و شێرپەنجە زۆر کەمە و دەکرێ بگوترێت تاکو ئێستا بەڵگەیەک نییە بیسەلمێنێت کە خواردنی گۆشتی سوور بە بڕێکی کەم زیانی لەسەر تەندروستی هەبێت و هۆکار بێت بۆ نەخۆشیی.

لە ئەنجامی 12 لێکۆڵینەوەی هەڕەمەکی بۆ ئەو زانایانە ڕوونبووەوە کە پێویستە مرۆڤ بەردەوام بێت لە خواردنی هامان بڕی لەسەر ڕاهاتوو لە گۆشتی سوور ئەگەر مەبەستییان نەبێت سیستەمی خۆراکی خۆیان بۆ هەر هۆیەکی دیکە بگۆڕن، بەڵام ئەوەش بەو مانایە نایەت کە زێدەڕۆیی لە خواردن گۆشتیی سوور بکرێت.

# چۆن مانگا لە هەوکردنی گوان بپارێزین؟



بەرهەمی شیر بۆ خاوەن مانگا زۆر گرنگە وەک سەرچاوەیەکی داهات دادەندرێت یان بە سەرچاوەیەکی خۆراک بۆ گوێرەکەکانی دێت. هەوکردنی گوان یەکێ لە بڵاوترین کێشەکانە کە ڕووبەڕووی خاوەن ئاژەڵ دەبێتەوە و دەبێتە هۆی دابەزینی بەرهەمی شیر و وێڕای ئەوەی کە ئەو شیرە مەترسیی بۆ تەندروستی مرۆڤ دەبێت و هۆکارێکە بۆ ژەهراوی بوون بە خۆراک لە هەمانکاتدا مەترسیی هەیە بۆ تەندروستیی ئاژەڵەکە.

بەم ڕێگایانە دەتوانین مانگا لە هەوکردنی گوان بپارێزین:

یەکەم: تەعقیمکردن و خاوێنکردنی هۆڵی بەخێوکردنی ئاژەڵ دوای دوورخستنەوەی ئاژەڵەکە بۆئەوەی هۆکاری نەخۆشییەکە نەمێنیت لە ناو خاکدا.

دووەم :جوداکردنەوەی ئەژەڵی نەخۆش لە ئاژەڵی ساغ بۆ ڕێگاگرتن لە گواستنەوەی هۆکاری نەخۆشییەکە.

سێیەم: بەردەوام دەبێت هۆڵی بەخێوکردن خاوێن بێت و پاشەڕۆی ئاژەڵەکە بە زووترین کات خاوێن بکرێتەوە.

چوارەم: هەندێک هۆکاری نەخۆشیی دەکرێت بە کوتان پێشگیری لێ بکرێت.

پێنجەم: کەمتر ئامێری تیژ بەکار بهێنین کە دەبێتە هۆکار بۆ زامدارکردنی گوانی مانگا و گواستنەوەی هۆکاری نەخۆشییەکە بۆی.

شەشەم: گوانی مانگا لە کاتی دۆشیندا بەتاڵ دەکرێت چونکە مانەوەی شیر تێدا کاریگەری لەسەر تەندروستیی دەبێت.

حەوتەم: بە شێوەیەکی دەستکرد شیر بە گوێرەکەکان بدرێت ئەگەر خواردنی ڕاستەوخۆی شیر لە لایان بێچووەکاندا هۆکارە بۆ گەیاندنی زیان بە گوانی ئاژەڵ.

هەشتەم: بە زووترین کات بریندی سەر گوان چارەسەر دەکرێت و تەعقیم دەکرێت بە بەکارهێنانی خاوێنکەرە و پڕژێنەری برین.

نۆیەم: بەردەوام ئەو ئاژەڵەی شیردەرە دەپشکنرێت لە هەمانکاتدا شیرەکەشی دەپشکندرێت بۆ زانینی باری دروستی گوان و چارەسەرکردنی کێشەکان بە زووترین کات.

دەیەم: ئەو ئاژەڵەی دووچاری هەوکردنی گوان هاتووە لە نێو هۆڵی بەخێوکردن دوور دەخرێتەوە، ئەگەر زانیمان هەوکردنەکە چارەسەر ناکرێت ئەوە ئەو ئاژەڵە لە کێڵگە دوور دەخەینەوە.

یازدەهەم: لە کاتی دۆشیندا پێویستە ئەو کەسەی ئەوکرداوە ئەنجام دەدات دەستی خۆی بە ئاو و سابوون بشوات و گوانی ئاژەڵەکەش بە ئاوێکی نیمچە گەرم بشوات باشتر وایە گوانی ئاژەڵەکە بە خاوێنکەرەوەیەک بڕشێندرێت تاکو هۆکاری نەخۆشییەکە نەگاتە نێو شیرەکە.

دوازدەهەم: لەو کێڵگانەی ئامێر بۆ دۆشین بەکار دەهێنرێت پێویستە گرنگی بە خاوێنیی ئامێری دۆشین بدرێت و پێش دۆشین خاوێن بکرێتەوە.

سێزدەهەم: شیری ئاژەڵی توشبوو بۆ خواردنەوە ناشێت نە بۆ مرۆڤ و نە بۆ بێچووەکانی خۆی تا ئەو کاتەی نەخۆشییەکە چارەسەر دەکرێت.

# 12 هەمین پێشانگای هەنگەوانانی عەرەب لە هەولێر بەڕێوەچوو



250 هەنگەوان و کۆمپانیای هەنگەوانی خرایەڕوو، هەروەها ژمارەیەک توێژینەوەی زانستی لە بارەی بەخێوکردنی هەنگ پێشکەش بە ئامادەبووان کرا.

لەلایەکی دیکەوە لە ڕووی کوالێتییەوە پێشبڕکێ بۆ جۆری هەنگوینی ولاتان دەکرێت و باشترینیان هەڵدەبژێردرێت.

شایەنی باسە تا ئێستا هەنگوینی هەرێمی کوردستان لە چوار پێشانگا لەسەر ئاستی جیهان پلەی یەکەمی بەدەستهێناوە.

دوێنێ دووشەممە بە ئامادەبوونی بێگەرد تالەبانی وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە هەرێمی کوردستان و فرسەت سۆفی پارێزگاری هەولێرو ژمارەیەک لە بەرپرسان و میوانان 12 هەمین پێشانگای هەنگەوانانی عەرەب لە هەولێر بەڕێوەچوو، کە نوێنەرانی 22 وڵاتی ئەفریقی و ئاسیا تیادا بەشداربوون.

لە پێشانگاکەدا هەنگوین و بەرهەمەکانی هەنگ و پێداویستییەکانی پەروەردەکردنی هەنگ بە بەشداری زیاتر لە

# ریشاڵە خۆراکییەکان ئەو سوودانەیان هەیە



ژمارەیەک لە توێژەرانی هیندستان بۆیان ڕوونبووەوە کە ئەوانەی پەستانی خوێنیان بەرزە یان ئەوانەی نەخۆشیی شەکرە لە جۆری دووەمیان هەیە کاتێک کە سیستەمی خۆراکی دەڵەمەند بە ریشاڵ پەیڕەودەکەن تەندروستییان بەرەو باشیی دەڕوات سەبارەت بە پەستانی خوێن و کولیسترۆڵ و ئاستی شەکرەی ناو خوێن.

تیمێکی لێکۆڵینەوە لە نەخۆشخانەی Care Well Heart و نەخۆشخانەی Super Speciality لە مۆمبای دەستیانکرد بە لێکۆڵینەوە سەبارەت بە پەیوەندی سیستەمی خۆراکی دەڵەمەند بە ریشاڵ و کاریگەری لەسەر فاکتەری مەترسی توشبوون بە نەخۆشییەکانی دڵ و خوێنبەرەکان.

بە پێی ڕاسپاردەی پەیمانگەی نیشتیمان خۆراک و ئەنجومەنی هیندستان بۆ توێژینەوەی پزیشکی، جێگرەوەی خۆراکی لە ریشاڵ دەبێ 400گرام / 200 کیلۆ کەلۆری بێت. ڕێژەی ریشاڵ بۆ کەسە نەخۆشەکان بە ڕێژەی 20تاکو 25 لەسەدا زیاد کرا لەسەر خۆراکە دەڵەمەندەکە بە ریشاڵ. بەدواداچوون بۆ 200 بەشداربوو کرا بۆ ماوەی 6 مانگ، هەر سێ مانگ و شەش مانگ جارێک پشکنینیان بۆ کرا و چەندین خۆراکیان بۆ داندرا لە سیستەمی خۆراکیدا. ئەو بەشدار بوانەی سیستەمی خۆاکی دەوڵەمەندیان پیادە کردبوو تەندروستیان بە شێوەیەکی بەرچاو باشتر بوو بۆ فاکتەرەکانی مەترسیی دڵ و خوێبەرەکان و بە ڕێژەی 9لە سەدا کولیسترۆڵی خوێنیان دابەزیبوو و بە ڕێژەی 23لە سەدا ڕۆنی سێیانیان کەم ببووەوە و گلوکۆزی ناو خوێنیان بە ڕێژەی 28 لە سەدا دابەزیبوو.

# ئەکرەم سەڵمان دەستەکارکێشانەوەی خۆی لە یانەی هەولێر راگەیاند



**ئا: سەرهەنگ نەجمەدین**

بەهۆی ئاست خراپی تیپی یانەی وەرزشی هەولێر لەوەرزی تازەی خولی نایابی عێراق، دوای گفتوگۆکردن و دانیشتێکی تێر وتەسەڵ لەنێوان ستافی دەستەی کارگێری یانەی هەولێر و ڕاهێنەری یانەی هەولێر ئەکرەم سەڵمان، بەرەزامەندی هەردوولا، ئەکرەم سەڵمان ئەرکی ڕاهێنەرایەتی تیپی یانەی هەولێری جێهێشت و دەستەکارکێشانەوەی خۆی لەیانەکە بەفەرمی ڕاگەیاند.

ئەم وەرزە بەسەرپەرشتی ڕاهێنەر ئەکرەم سەڵمان یانەی وەرزشی هەولێر دوای ئەنجامدانی 3یاری لەخولی نایابی عێراق، تەنها 3 خاڵی کۆکردۆتەوە و لەهەر سێ یارییەکە یەکسانبووە، هەر بەم هۆیەوە ڕاهێنەر ئەکرەم سەڵمان بەمەبەستی بەردەوامبوونی ئەنجامە خراپەکانی تیپەکەی لەخولی نایابی عێراق، بڕیاریدا دەست لەپۆستی ڕاهێنەرایەتی یانەکە هەڵبگرێت و ڕێگەی بۆ یەکێکی تر ئاسان کرد ئەو پۆستە لەشوێنی ئەو وەربگرێت.

جێی ئاماژەبۆ کردنە دەستەی کارگێری یانەی هەولێر ئێستا بەدوای شوێنگرەوەی ڕاهێنەر ئەکرەم سەڵمان دەگەڕێت و چەند ڕاهێنەرێکی دەستنیشانکردووە بەمەبەستی وەرگرتنی پۆستی ڕاهێنەرایەتی یانەی وەرزشی هەولێر، بەڵام تائێستا هیچ کەسێک بەفەرمی بۆ ئەم شوێنە دەستنیشان نەکراوە.



# لە بارزان خولێکی تۆپی پێ بەڕێوەچوو

**مسلم دزلەمەری- بارزان:**

ناوەندی باڵای بارزانی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان، بەئامادەبونی ژمارەیەک لەبەرپرس ونوێنەرانی ئیداری وحزبی ورێکخراوەیی، کۆتایی بەخولێکی تۆپی پێ هات.

شایانی باسە ئەم خولە لەلایەن ناوەندی ناوبراو لە سالۆژی ریفراندۆمدا بۆ 30 تیپی سنوری خۆی ئامادەکردبوو کەشەوانە لەیاریگای فریزی دەستکردی بلێ یاریەکان لەلایەن ژمارەیەک ناوبژیوانی شارەزاوە بەڕێوەدەچوو کەلەئەنجامدا هەردووتیپی زورەگڤان وتیپی ولاتژێری گەیشتنە یاری کۆتای وتیپی زورەگڤان توانی 3 گۆڵ بەرامبەر بە 2 گۆڵ بەسەرتیپی ولات ژێریداسەرکەوێت وببێتە پالەوانی خولەکە، لەکۆتاییشدا خەلات بەسەر سەرکەوتووانی خولەکەدا دابەشکرا.

# خولی نایابی عێراق بۆ کاتێکی نادیار دواخرا

**ئا: سەرهەنگ نەجمەدین**

بەهۆی بارودۆخی نا ئارامی شارەکانی عێراق و بەردەوامبوونی خۆپیشاندان لەلایەن هاوڵاتیانی عێراقیەوە، خولی تۆپی پێی نایابی عێراق بۆ کاتێکی نادیار دواخرا.

یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی عێراق دواخستنی گەڕی سێیەمی خولی نایابی عێراق بەشێوەیەکی فەرمی ڕاگەیاند و تیایدا ئاماژەی بۆ ئەوە کرد تا بارودۆخەکە ئاسایی نەبێتەوە خولی عێراق لەهیچ شوێنێک ئەنجام نادرێت.

لەگەڵ ڕاگەیاندنی دواخستنی یارییەکانی خولی عێراق، یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی عێراق ڕێگای بەهەردوو یانەی هەولێر و زاخۆ دا بۆ بەڕێوەچوونی یارییەکانیان لەهەردوو شاری هەولێر و زاخۆ، تەنها ئەو دوو یاریە لەهەرێمی کوردستان بەڕێوەچوو، بەڵام سەرجەم یارییەکانی دیکەی گەڕی سێیەم دواخران، هەفتەی ڕابردوو یانەی هەولێر لەیاری سێیەمی خۆیدا لەسەر یاریگای خۆی بەرامبەر نەفت یەکسانبوون، هەولێر لەکۆی 3 یاریدا تەنها 3 خاڵی کۆکردۆتەوە و لەخراپترین ئاستدا دەبنیدرێت، سەرەڕای هێنانی چەندین یاریزانی پیشەگەر و تازە بۆ ڕێزی تیپەکە، بەڵام ئاست وئەنجامی یانەکە بەهیچ شێوەیەک هەنگاوی باشی نەهاوێشتووە .



# گۆندۆگان: گواردیۆلا و کلۆپ باشترین ڕاهێنەری ئەو سەردەمەن

ئێلکای گۆندۆگان، یاریزانی هێڵی ناوەڕاستی یانەی مانچستەر ستی ئینگلیزی، پێی وایە، پیپ گوادیۆلا، ڕاهێنەری مان ستی و یۆرگن کلۆپ، ڕاهێنەری لیڤەرپوول، باشترین ڕاهێنەری ئەو سەردەمەن و دڵخۆش دەبێت ئەگەر ڕاهێنەرایەتی ئەو بکەن. گۆندۆگان لە لێدوانێکیدا، کە ڕۆژنامەی (سۆد ویچە تسایتونگ) بڵاوی کردووەتەوە وتی:"ئەو دوو ڕاهێنەرە، نوێنەرایەتی شێوازەکانی ڕاهێنەرایەتی ئێستا دەکەن". گۆندۆگانی تەمەن 28 ساڵان، ئاماژەی بەوە کرد:" کلۆپ، یاریزانەکانی فێر دەکات، لە دژی تۆپ یاری بکەن، کەچی گواردیۆلا، پشت بە کۆنترۆڵکردنی تۆپ دەبەستێت". وتیشی:"بەڵام هەردووکیان لەشتێکدا هاوبەشن، ئەویش ئەوەیە، ناتوانیت بیان گۆڕیت". شیاوی باسکردنە، گۆندۆگان، لە ژێر سەرپەرشتی هەردوو ڕاهێنەر یاری کردووە، کلۆپ لە بوروسیا دۆرتمۆند ڕاهێنەری بوو، گواردیۆلاش، ئێستا لە مانچستەر ستی ڕاهێنەریەتی. هەروەها لە ژێر سەرپەشتی تۆماس تۆخێلیش یاری کردووە، کە ئێستا ڕاهێنەری پاریس سان جێرمانە. لەمبارەیەوە وتی:"تۆخێل سەر بە شێوازی گواردیۆلایە، سەربارەت بە خۆم، کلۆپ ڕاهێنەرێکی نایابە، ئەو لە گواردیۆلا نزیکە، بەڵام دەتوانێت بە چەندین شێوازی جیاواز یاری بکات.

**ڕەمزی میرەکانی**

# کارزان دزەیی ڕاهێنەری لەشجوانی بۆ خەبات: بازرگانی بە وەرزشی لەشجوانییەوە دەکرێت



**خەبات: عەلی بانیشاری**

کارزان دزەیی ڕاهێنەری دیاری لەشجوانی لە دهۆکە یەکیدا لەگەڵ (خەبات) دەڵێ: لە 15% وەرزشی لەشجوانی لە باشووری کوردستان بەشێوەیەکی زانستی ئەنجام دەدرێت. ئەو پێشی وایە سەرجەم وەزرشە جیاجیاکان پێویستیان بە وەرزشی لەشجوانی هەیە. دەشڵێت: وەرزشی لەشجوانی بووەتە پارە پەیداکردن.

دزەیی کە ماوەی 15 ساڵە ڕاهێنەرە و دانیشتووی شاری هەولێرە دەڵێت: ڕۆژ بە ڕۆژ ژمارەی ئەو کەسانەی ڕوو لە وەرزشی لەشجوانی دەکەن زیاد دەکات. ئەو پێشی وایە کوردستان خاوەنی یاریزانی زۆر باشی لەشجوانییە و دەڵێ: سالانە بەشێک لە یاریزانی لەشجوانی لە باشووری کوردستانەوە بەشداری پاڵەوانییەتی لەشجوانی دەکەن و ئەنجامی باش بەدەست دەهێنن. دەشڵێت: لە ڕابردووەدا گرینگی بە وەزرشی لەشجوانی نەدەدرا، بەڵام ئێستا ژمارەیەکی باش لە خەڵکی ڕوویان لە وەرزشەکە کردووە و ئەمەش جێگەی دڵخۆشییە.

لەئێستادا 200 ئافرەت و 350 پیاو لای کارزان دزەیی خەریکی وەرزشی لەشجوانین. ناوبراو ئاماژە بۆ ئەوە دەکات بەشێک لەو کەسانەی بۆ وەرزشی لەشجوانی دێنە لای کێشەی تەندروستیان هەیە. دزەیی دەڵێت: لە ڕێگەی وەزرشی لەشجوانییەوە کێشە تەندروستیان بۆ هاونیشتیمانیان چارەسەر دەکەم. هەروەها دەشڵێت: لە ئایندەیەکی نزیکدا هۆڵێک بە ستانداردی جیهانی بۆ وەرزشی لەشجوانی دادەمەزرێنم.

ئەو ڕاهێنەرە پێی وایە وەرزشی لەشجوانی لە کوردستان بووەتە بازرگانیکردن و پارە پەیداکردن و وەکو سەرچاوەیەکی دارایی سەیر دەکرێت. پرسیاری ئەوەمان لێکرد کە ئایا وەرزشی لەشجوانی لە باشووری کوردستان بەشێوەیەکی زانستی ئەنجام دەدرێت؟ لەوەڵامدا کارزان دزەیی گوتی: لە 15% وەرزشی لەشجوانی بەشێوەیەکی زانستی ئەنجام دەدرێ، ئەوەیش دەگەڕێتەوە بۆ فیدراسیۆنی لەشجوانی، چونکە بڕوانامەو ڕێگەپێدان دەدەنە کەسانێک تەنانەت خوێندەواریشیان نییە.



## لە یارییەکەی ئینتەر و بەرشلۆنەدا


# 3 یاریزانی ئینتەر داوایان لە مێسی کرد درێسەکەیان لەگەڵ ئالوگۆڕ بکات



دوای یارییەکەی ئینتەر میلان و بەرشلۆنە کە بەئەنجامیی 2-1گۆڵ لەبەرژەوەندی کەتالۆنیا کۆتایی هات، 3لە یاریزانانی ئینتەر لەبەردەم مێسی وەستان بۆ ئەوەی درێسەکەیان لەگەڵ ئالوگۆڕ بکات.

ئەو سێ یاریزانەش بریتی بوون لە دی فری و سکرینیار و دامبرۆزیۆ، بەڵام مێسی هەمووانی پشتگوێ خست بەرەو ڕووی لاوتارۆ مارتینیز چوو و باوەشی لێدا و دوای گۆڕینەوەی درێسەکانیان، ئەستێرەکەی بەرشەلۆنە پرۆزیایی و دەستخۆشی لێ کرد بەهۆی ئەو ئاستە بەرزەی پێشکەشی کرد.

KHABAT
info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla
خەبات
XEBAT
Tue, 8. Oct. 2019 No: (5844)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر
خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com
سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940
0770 2969696
selam@xebat.net
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com
بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی تاگادارییەکان:
0750 588 1616




کتێبی (مسعود بارزانی تەمەنێک لە سەروەری) لە سێ بەرگدا و بە دیزاینێکی جوان و بەرگێکی قەشەنگ، کە هەمووی بەسەریەکەوە 1002 لاپەڕەیە، لە ئامادەکردنی سیروان عوسمان کەوتە بەردیدی خوێنەران.

ئەم کتێبە کە لە چاپخانەی ڕۆشنبیری- هەولێر چاپ کراوە، وتەکانی سەرۆک بارزانی لە ساڵی 1991 تا 2019 لەخۆ گرتووە، لە هەرسێ بەرگدا، چەند لاپەڕەیەکی ڕەنگاوڕەنگ بۆ ژمارەیەک وێنەی قۆناغە جیاجیاکانی خەبات و تێکۆشانی سەرۆک بارزانی تەرخان کراوە.

کتێبی (مسعود بارزانی تەمەنێک لە سەروەری) وتەکانی سەرۆک بارزانی لە ماوەی 27 ساڵی قۆناغی دوای ڕاپەڕینی ئاداری 1991 لە خۆ گرتووە، بۆیە دەکرێ هەر تۆیژەرێک بیەوێ لەو ماوەیەی کوردستان لێکۆڵینەوە بکات، سوودی لێ وەربگرێت، چونکە لەو ماوەیەدا چەندین ڕووداو هەن، سەرۆک بارزانی لە زۆربەی بۆنە و لە هەر پێشهات و ڕووداوێکی ئەو ماوەیە قسەی هەیە، لە هەموویشی گرنگتر سەرچاوەی سەرەکیی کتێبەکە، ڕۆژنامەی خەبات زمانحاڵی پارتی دیموکراتی کوردستان و گۆڤاری گوڵانە، بەتایبەتیش (خەبات) کە هەموو وتەکانی سەرۆک بارزانی لەو ماوەیەدا بڵاوکردۆتەوە، چونکە سەرچاوەی باوەڕپێکراون.

سیروان عوسمان لەبارەی مەبەستی کۆکردنەوەی وتەکانی سەرۆک لە کتێبەکە دەڵێ:"ئێمە لە کۆکردنەوەی وتە جیاجیاکان، لە کات و شوێنی جیاجیا مەبەستی سەرەکیمان ئەوەیە خوێنەر لە دوو تۆپی کتێبێکدا ئاشنا بێت بە بیری پێشمەرگە و سەرۆک بارزانی، کە بە قوڵی بیری لە چارەسەری کێشەی کورد و دەستوور و دیموکراسی و یەکڕیزی و پرسەئیدارییەکان و دارایییەکان کردووەتەوە".

لەبارەی پابەندبوونی پێشمەرگە بە پاراستنی مافی مرۆڤ، کەجێگەی شانازییە، وێڕای ئەوەی حکوومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق، بە درێژدانەترین شێوە پەلاماری کوردستانی داوە و تەڕ و وشکی بە یەکەوە سوتاندووە و هەرگیز پێشمەرگە و هاوڵاتیی بێ چەکی لەیەکتری جیا نەکردۆتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا بە هیچ شێوەیەک بە چاوی تۆڵە سەیری دیلەکانی نەکردووە، بەڵکو بە جوانترین شێوە پێشمەرگە مامەڵەی لەگەڵ دیل کردووە، لە بەرگی یەکەمی ئەم کتێبە وتەی سەرۆک بارزانی لەبارەی مامەڵەی پێشمەرگە لەگەڵ دیل هێندراوەتەوە، بەتایبەتیش لە قۆناغی شۆڕشی مەزنی ئەیلوولدا.

لەبارەی شۆڕی مەزنی ئەیلوولدا لە لاپەڕە 36ی بەرگی یەکەم سەرۆک بارزانی دەڵێ:" لە شۆڕشی مەزنی ئەیلوولدا پێشمەرگە هەبووە لە تەنیشت خۆیەوە بۆ شەهید بووە، بەڵام نانی دەدا بە دیلەکان و خزمەتی دەکردن و تەنانەت یەک دیلیش نەکوژراوە".

مەسەلەیەکی دیکەی گرنگ لە وتەکانی سەرۆک بارزانی کە لە لاپەڕە 100ی بەرگی یەکەمدا هاتووە، ئەویش ئەوەیە کە کورد هەرگیز بیری لەوە نەکردۆتەوە پەنا بۆ تیرۆر ببات، لەو بارەیەوە سەرۆک بارزانی دەڵێ:"ئێمە وەکو کورد شازی بەوە دەکەین کە بەدرێژایی میژووی شۆڕشەکەمان لە کوردستانی عێراق هیچ ڕۆژێک لە ڕۆژان پەنامان بۆ تیرۆر نەبرد و بیریشمان لێ نەکردۆتەوە".

(کۆبانێ)ی ڕۆژئاوای کوردستان کە دەستی تیرۆریستانی داعشی گەیشتێ، هەموو کورد دەستی لەسەر دڵی بوو، سەرۆک بارزانی کە بۆ ئەو شارەی کوردان هاتە دەنگ و هەوڵی دیپلۆماسی خۆی خستەگەڕ و لەلایەکی دیکەشەوە داوای لەپەرلەمانی کوردستان کرد کە پێشمەرگە بەهانای (کۆبانێ)وە بچێت، پێشمەرگە چوو و ڕۆڵی خۆی بینی و داعش لەو شارە نەما، وتەی سەرۆک بارزانی لەبارەی خۆڕاگری کۆبانی لە لاپەڕە 216ی بەرگی دووەمدا هاتووە و دەڵێ:"کۆبانێ خۆڕاگرە و لە بەرگری کردندا قارەمانێتی نواندووە، ڕێز لەو خۆڕاگری و بەرگرییەی خەڵکی کۆبانێ دەنێین، بەداخەوە هەڵکەوتەی وگرافیی کۆبانێ، بۆ گەیاندنی هاوکاری و پێداویستی هاوکار نییە، لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و باشوورەوە گەمارۆ دراوە، تەنیا دەرووی لەگەڵ تورکیایە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، کۆبانێ خۆڕاگرە و بەرگری نواندووە، ئێمەش داوامان لە ئەمەریکا و ڕۆژئاوا کرد یارمەتی سەربازی پشتیوانیی ئاسمانی بۆ کۆبانێ دابین بکات، سوپاسیان دەکەین بەدەنگمانەوە هاتن".

لە هەرسێ بەرگەکەدا چەندین وتەی بەنرخ لە بواری جۆراوجۆر دەبیندرێ، لێردەدا بواری ئەوە نییە ئاماژە بە زۆرترین وتەکان بکەین، خوێنەر دەتوانێ بەخوێندنەوەی ئەم کتێبە زۆرترین وتەکانی سەرۆک بارزانی لە ماوەی نێوان ساڵی 1991 تا 2019 ببینێ، دەست خۆشی لە کاک سیروان دەکەین و خەرمان بەرەکەت.

### پڕۆفایلی ئامادەکاری کتێب:

* سیروان عوسمان حسن لە دایک بووی 1976 هەولێر.
* بەڕێوەبەری چاپخانەی ڕۆشنبیری.
* بەڕێوەبەری ڕاگەیاندن و چاپ بڵاوکردنەوەی هەولێر.
* بەڕێوەبەری ڕادیۆی نەورۆز و ڕۆشنبیری و لاوان.
* دەرچووی کۆلێژی هونەرەجوانەکان زانکۆی سەلاحەدین.
* دەرچووی بەشی ڕاگەیاندن لە پەیمانگای تەکنیکی هەولێر.
* ئەندامی کارای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان.
* ئەندامی ڕۆژنامەنووسانی جیهانی.
ئەندامی کارای سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان.
ئەم چاپکراوانەم بە چاپ گەیاندوون
* کاریگەری میدیایی ساڵی 2005.
* میژوویەکی پرشنگدارو کاروانێکی نەپساو ساڵی .2014
* هەڵوێست و دەسکەوتەکان ساڵی 2017 بەرگی دووەم و بەرگی سێیەم و بەرگی چوارەم
* چاپخانەی ڕۆشنبیری- ئومێدی نووسەران 2018
* مسعود بارزانی تەمەنێک لە سەروەری ساڵی 2019بەرگی یەکەم و بەرگی دووەم و بەرگی سێیەم
* بیبلۆگرافیای 100 کتێب 2019.

## ڕۆژنامەنووس و وێنەگرێکی ڕۆمانی لە دیمانەیەکی خەباتدا

# ئەلینا لامی: ئەگەر دەرفەت بڕەخسێت بێگومان جارێکی تر سەردانی کوردستان دەکەمەوە





**دیمانە: هاوار مورتکەیی**

ئەلینا لامی Alina Lami ئەو کچە ڕۆژنامەنووس و فۆتۆگرافەرە چالاکەی ولاتی ڕۆمانیایە، بەردەوام لەم ولات بۆ ئەو ولاتە و هەرجارەی ڕاپۆرت و فۆتۆگرافی تایبەت بەو ولاتە لەدەزگا ڕاگەیاندنە جۆراوجۆرەکانی ئەوروپا بڵاودەکاتەوە، تەنانەت کاتی خۆشی ڕاپۆرتێکی لەسەر هەرێمی کوردستان بڵاوکردەوە، ڕۆژنامەی خەبات بەپێویستی زانی دیمانەیەکی لەگەڵ ئەنجام بدات:



*** ئەلینا لامی کییە؟**

- گەشتێک لەسەر کەشتییەکی سووڕاو.. ئەوە ژیانی منە، هەمیشە لەگەشت و گەڕان، فڕۆکەخانە و هەتێلەکان بوونەتەمالّی من، تەنانەت ئێستاش نازانم لەکوێم، بەڵام بەختەوەرم چونکە ئەوەی ئەنجامی دەدەم، زۆرم خۆش دەوێ، وەک ئامادەکردنی ڕاپۆرت، فۆتۆگرافی، بەشداریکردنی پالّەوانێتییەکانی شەترەنج.

*** شوێنێکی دیاریکراو هەیە کاری بۆ بکەی؟**

من سەربەخۆم، حەزم لە ئازادییە، چەندین ئەرکم هەیە، بەڵام (Chess Base) شوێنێکی بۆ ڕەخساندووم کە گوزارشت لەخۆم بکەم، بۆیە هەمیشە مەمنونی ئەوانم، ئێستاش نوسینی ڕاپۆرت لە کارە لەپێشینەکانمە.

*** بڕچی پیشەی فۆتۆگرافی و ڕۆژنامەوانیت هەڵبژارد؟**

- من ئەو ژیانەم بەخۆم هەڵنەبژارد، کەچی ئەمە ڕوویدا، بەڵام بەخت یاوەرم بوو، چونکە ماوەیەکی زۆر بوو نقووم ببوم، هەوڵم دەدا ببمە پالّەوانی ئەوروپا و جیان لە یاری شەترەنج کە ڕەتینەگم گەیشتبووە 2450، هەروەها کاری فۆتۆگرافیش لەولاوە، پیشەی ڕیکلام و بازارکردن لەگەڵ ئەوەی خێزاندارم و دوو منالّیشم هەیە کو ئایا ببمە ئافرەتی مالّ یان...؟ هەموو ئەمانە لەبەردەمم بوون، بەڵام هیچ بیرۆکەیەکی ڕاستم بۆ نەهاتە پێش، چارەسەری ڕاستەقینە هەڵبژاردنی ژیانێکی سادە و بەختەوەری کە خەڵکی دەوروبەرت بەهۆیەوە بەختەوەر بن.

*** لە کاری فۆتۆگرافی و ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانییەکانتدا دەتوێت چ پەیامێک بگەیەنیت؟**

- کاتێک دەست بە نووسینی وتارێک دەکەم، نازانم ئەم وتارە دەمگەیەنیتە کێندەر، بەڵام سەرچاوەی ئیلهام بەخشی من پالّەوانێتییەکانی شەترەنجە، زۆر بەسادەیی دەنووسم و وێنە دەگرم، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی، دەمەوێ دووبارە ڕەنگ بە ژیاندا بکەمەوە، ئەگەر بڕوانینە شەترەنج و جولەی بەردەکان لە هەر 64داشەکەدا، لە بۆچی و چۆن و لەکوێ و کەی، هەموو ئەمانە ڕۆژنامەنووسان لێی دەزانن، هەوڵ دەدەم لە ڕاپۆرتەکانمدا ئەمانە جێبەجێ بکەم و بەئومیدی جوانترکردنی.

*** ناوە ناوە لەوڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر، ئەمە ئارەزووە یان پیشەکەت ئەوە دەخوازێ؟**

- بۆ گەشت دەڕیم، یا گەشت دەکەم بۆ ئەوەی بڕیم، هەردووکیان ڕاستن، هەندێ جار شتەکان ناچارم دەکەن لەوڵاتێکەوە بچمە وڵاتێکی تر، لەگەشت کەسانی تازە دەناسی، شوێنی جۆراوجۆر دەبینی، گەشتەکان منی کردۆتە کەسێکی لەخۆبردوو، من حەز لە ئیشی ناو نوسینگە ناکەم، دەمەوێ تێبکۆشم.

*** لە ڕاپۆرتەکانت دەردەکەوێ کەسێکی حەز بە کلتوری گەلان دەکەی؟**

- خەڵک بەلای منەوە زۆر گرنگە، لەپالّ خویندنەوەش، بەلای منەوە ژیانێک نییە لەسەرووی کەسێکی دیکەوە، تەنها ئەوە ژیانە.

*** سەردانی کوردستانت کرد و چی لەمبارەیەوە دەڵێیت؟**

- پالّەوانێتییەکی شەترەنج لە کوردستان بەڕێوەچوو، وەکو شەترەنجزانێک کارەسات بوو بۆ من، تەواو میزاجم تێکچووبوو، بەڵام ئەمە بەهۆی گەلی کوردەوە نەبوو، کە دەرفەتێک ڕەخسا بیانبینم، بەڵکو بەهۆی بارودۆخێکەوە بوو، جیهانیکی جیاواز بەڕوومدا کراوە، ئەو میواندارییەی گەلی کورد زۆر باش بوو، بۆیە ئەگەر دەرفەت بڕەخسێت بێگومان جارێکی تر سەردانی کوردستان دەکەمەوە.